Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpB.8

OPEN ACCESS
Corresponding author
Ahmed Sheikhan Tamarkhan
Ahmed.tamarkhan@su.edu.krd

# بنیاتی هونەری شیعری پابەند لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا (1975–1990)

**ئەحمەد شیخان تمرخان**/بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان, عیراق.

**رازاو رشید صبری**/بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان, عیراق.

RECEIVED :08 /04/2025
ACCEPTED :24/06/ 2025
PUBLISHED :15/10/ 2025

**وشە سەرەکییەکان:**
شیعری پابەند،
ئەدەبی هاوچەرخ،
بنیاتی هونەری،
وێنەی شیعری.

## پوختە

شیعر بە گشتی و شیعری پابەند بەتایبەتی ئەرکێکی گرنگ و کاریگەری هەیە، کە دەبێت بەشداری لە پرۆسەی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگادا بکات، ڕاستگۆیانە پابەندبێت بە هەموو ئەو کێشانەی، کە کۆمەڵگاکەی بەدەستیانەوە دەناڵێنێت و هەوڵ بدات چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، ئەم جۆرە شیعرە وەک ئامرازێکی دەربڕینی پرسە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی و ئاکاریی و سیاسیەکان لە چوارچێوەیەکی هونەری جوانناسیدا بەرجەستەدەکات، بۆیە پێکهاتەیەکی هونەری جیاواز نیشان دەدات و هەوڵدەدات پەیامێک بەشێوەیەکی کاریگەر بگەیێنێت، کە ئەمە ئامانج و تایبەتمەندی شیعری پابەندە، کە لەم توێژینەوەیە ئاماژە بەم جۆرە شیعرە کراوە لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا، هەروەها ئامانجێکیتری ئەم لێکۆلینەوەیە شیکردنەوەی بنیاتی هونەری شیعری پابەندە لەم قۆناغە و خستنەڕووی چۆنیەتی کارلێکی ڕەگەزەکانی بنیاتی هونەرییە لەگەڵ ناوەڕۆکی پابەند بوون لە نموونەی دەقە شیعرییە وەرگیراوەکاندا لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا، تاکو بزانرێت ئەم جۆرە شیعرە تا چەند کاریگەری هەبوە لەسەر بنیاتی هونەری شیعری هاوچەرخی کوردی لەم قۆناغەدا، توێژینەوەکە بە گشتی لە دوو بەشی سەرەکی و چەند تەوەرەیەک پێکهاتوە، کە تیایدا توانراوە پەیوەندی نێوان شیعری پابەند و بنیاتی هونەری لە دوو ڕوانگەی بنیاتی زمانی و بنیاتی وێنەی هونەری بخرێتە ڕوو.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1. پێشەكی

بێگومان ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی هەر لەكۆنەوە ڕۆڵ و ئەركێكی گرنگیان بینیوە، لە گوزارشتكردن لە بارودۆخ و كێشە و گرفتەكانی سەردەمی خۆیان، چەندین ئەركی جۆراوجۆریان لە ئەستۆ بووە، بەتایبەتی ئەدەبی هاوچەرخ، بەڕێژەیەكی زۆر خراوەتە خزمەت پرسە جیاوازەكانی كۆمەڵگە، ئەدەبی هاوچەرخی كوردیش لەم جۆرە لەئەستۆگرتنەی ئەركە جیاوازەكانی ژیان و كۆمەڵگاكەی بەدەرنیە، لەم نێوەندەش ئەم جۆرە شیعرەی كە هەڵگری ئازار و مەینەتی و نیگەرانیەكانی كۆمەڵگاكەیەتی و لەگەڵ خەم و ئازارەكانی تاكەكانی كۆمەڵ دایە لەهەمانكاتدا هەوڵی چارەسەركردنی گرفتەكان دەدات دەگوترێت (شیعری پابەند)، كە سروشت و تایبەتمەندی ئەم جۆرە شیعرە ئەوەیە بە پێوەرێكی مرۆڤ دۆستانە لەگەڵ گرفت و نیگەرانیەكانی كۆمەڵەكەی دەبێت و لەهەمانكاتدا هەوڵی ڕێگە ڕۆشنكردنیش دەدات، كە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا، كە هەڵچێنراوی توێژینەوەی ماستەرەكەمانە بە ناونیشانی (ئاڕاستەكانی پابەندبوون لە شیعری هاوچەرخی كوردیدا كرمانجی ناوەڕاست 1975 – 1991)، كە تیایدا ئاماژە بە شیعری پابەند دەكەین لە ئەدەبی هاوچەرخی كوردیدا، لە هەمانكاتدا ئاماژە بەبنیاتی هونەری ئەم جۆرە شیعرە دەكەین، تایبەتمەندیەكانی ئەم جۆرە شیعرە لەڕووی بنیاتی هونەرییەوە دیاریدەكەین، هەرچەندە بەهۆی سنووورداری لێكۆڵینەوەكە نەتوانراوە ئاماژە بە هەموو ڕەگەزەكانی بنیاتی هونەری ئەم جۆرە شیعرە بكرێت، بەڵكو تەنها چەند ڕەگەزێكمان وەرگرتوە وەك نموونەی كاری لێكۆڵینەوەكە.

**1-1 هۆكاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:** خواستی لێكۆلینەوە لە بابەتی پابەندبوون هەوڵێكە بۆ ڕۆشنایی خستنەسەر ئەم چەمكە لە ئەدەبی هاوچەرخی كوردی و چۆنیەتی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی، لە هەمانكاتدا خستنەڕووی پەیوەندی نێوان ئەم چەمكە و بنیاتی هونەری دەقی شیعری ئەم قۆناغە، كە پێمان وایە توێژینەوەیەك ئاماژە بەم چەمكە بكات لەڕووی بنیاتی هونەری بەرچاو نەكەوتوون یاخود سنووردارن، بۆیە ئەنجامدانی توێژینەوەی لەم شێوەیە و لەسەر ئاستی بنیاتی هونەریی، یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنێكی قوڵتری ئەو پەیوەندی وكاریگەرییە، دەرفەتێكە بۆ پڕكردنەوەی بۆشایی زانستی و دەوڵەمەندكردنی لێكۆلینەوەی ئەدەبی كوردی.

**1-2 ئامانجی لێكۆڵینەوەكە:** دەكرێت ئامانجەكانی لێكۆڵینەوەكەمان بەچەند خاڵێكی كورت بخەینە ڕوو وەك:

1- لێكۆڵینەوە لە چەمكی بنیاتی هونەری و ڕۆڵی لە شیعری پابەندیدا.

2- شیكردنەوەی كاریگەری پابەندبوون لەسەر پێكهاتەی بنیاتی هونەری.

3 -بەرجەستەكردنی ڕۆڵی بنیاتی هونەری لە هاوسەنگیكردن لە نێوان جوانناسی هونەری و پەیامی فیكری لە شیعری پابەندی كوردی ئەم قۆناغە.

**1-3 سنووری لێكۆڵینەوەكە:** وەك لەناونیشانەكەی ئاماژەی پێكراوە، سنووری لێكۆڵینەوەكەمان شیعری هاوچەرخی كوردی – كرمانجی ناوەڕاستە لەماوەی نێوان ساڵانی (1975 – 1991).

**1-4 میتۆدی لێكۆڵینەوە:** بۆ ڕێكخستنی برگە و كارەكانی توێژینەوەكە پەیڕەوی میتۆدی (وەسفی شیكاری) مان كردووە، بۆ وەسفكردن و شیكردنەوەی چەند نمونەیەكی دەقی شیعری لای دیارترین شاعیرانی پابەند لەم قۆناغەدا لەڕووی بنیاتی هونەریەوە.

**1-5 گرفتی لێكۆڵینەوە:** گرفت و پرسی لێكۆلیەنەوەكە بریتیە لە خستنەڕووی پێكهاتەی بنیاتی هونەری شیعری پابەند لە ئەدەبی هاوچەرخی كوردیدا، كە تا چ ڕادەیەك كاریگەری هەبوە لەسەر پرۆسەی هاوسەنگیكردن لە نێوان جوانناسی هونەری و پەیامی فیكری لە شیعری پابەندی كوردی ئەم قۆناغە.

**1-6 پێكهاتەی لێكۆڵینەوەكە:** پێكهاتەی لێكۆڵینەوەكە بەشێوەیەكی گشتی دابەشی سەر دوو بەشی سەرەكی كراوە، كەبەشی یەكەمی لەسێ تەوەرەی سەرەكی پێكهاتووە؛ تایبەتە بە چەمك و زاراوەی پابەندبوون لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەم چەمكە لەنێو ئەدەب بە گشتی و شیعری كوردی بە تایبەتی، هەروەها بەشی دووەمیش لە دوو تەوەرەی سەرەكی پێكهاتووە، كە خۆی دەبینێتەوە لە باسكردنی بنیاتی هونەری ئەم جۆرە شیعرە بەتایبەتی لەڕووی بنیاتی زمانی و بنیاتی وێنەی شیعری، لە كۆتایشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەكان خراوەتەڕوو.

## 2- دەروازەیەک بۆ چەمکی پابەندبوونی ئەدەبی، سەرەتا و پەرەسەندنی لە شیعری کوردیدا:

### 1-2 ناساندنی چەمک و زاراوەی پابەند بوونی ئەدەبی:

سەرەتا بەر لەوەی باسی ئەدەبیاتی پابەند بکەین، دەمانەوێت ئاماژەیەکی خێرا بە چەمکی (پابەند) بکەین لەڕووی زمان و زاراوەوە، کە ئەو چەمکە لە زمانی ئینگلیزی (Commitment)ی بۆ بەکارهاتووە، لەبەرامبەریدا لەزمانی عەرەبی وشەی (التيزام) بەکاردێت، هەرچی لەزمانی کوردییە وشەی (پابەند) یان (دەربەست) بەکاردێت، بۆنموونە لە فەرهەنگی (زاراوە) بەم شێوەییە وشەی (التيزام)ی عەرەبی وەرگێڕدراوە (التزام: دەربەستی)(حەبیب، 2002، 24)، بەڵام ئێمە وشەی (پابەندبوون) بە دروستتر دەزانین لەبەرامبەر ئەم چەمکە لەزمانەکانیتر بۆیە لە توێژینەوەکەماندا بەکارمان هێناوە، چونکە پێمان وایە وشەی (پابەندبوون) ستاندارترە لە زۆربەی زاراوەکانی زمانی کوردی بەکاردێت بە بەراورد بە زاراوەکانیتر، کە مۆرکێکی ناوچەییان پێوە دیارە، ئەمە جگە لەوەی لە فەرهەنگی (دەریا) وشەی (التزام)ی عەرەبی بەم جۆرە وەرگێڕدراوە(التزام: پابوندبوون، لایەنگیری، پابەندی) (کریم، 2006، 39)، چەمکی پابەندبوون وەکو زاراوەیەکی ئەدەبی لەنێو لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان بەچەند شێوە بەکارهاتووە، بەتایبەت لەلایان لێکۆڵەرانی ئەدەبی کوردی، کە لەم لایەنە لێکۆڵینەوەیان کردووە، بۆنموونە (د.پەرێز صابیر) چەمکی (ئەدەبی ئیلتیزام)ی بەکارهێناوە، کە هەمان چەمکە عەرەبییەکەیە، بەڵام بەڕێنووسی کوردی نووسراوە، هەروەها (د. قومریە سەعید عەزیز) لەنامەی دکتۆراکەی چەمکی (ئەدەبی هەڵوێست)ی بەکارهێناوە، لەکاتێکدا (د. کەمال میراودەڵی) بەهەمان شێوە چەمکی (ئەدەبی ملتزیم یان ئیلتیزام)ی بەکارهێناوە، هەروەها (د.سروشت جوهەر) چەمکی (ئەدەبی پابەندبوون)ی بەکارهێناوە، کە ئێمەش هەمان چەمک بە دروستتر دەزانین، هەروەها لێرە و لەوێ لەچەند وتار ولێکۆڵینەوەیەکیتری ئەدەبی هەندێ چەمکی تری وەک(ئەدەبی دەروەست یان ئەدەبی بەرپرسیار ...)بەکارهاتوون.

هەموو ئەو چەمکە جیاوازانە گوزارشت لەیەک جۆری ئەدەب دەکەن (هەموویان لە ئەدەبی کوردیدا بۆ یەک مەبەست بەکارهاتوون، دەگەڕێتەوە بۆ ئەم بزوتنەوە شیعرییەی، کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیست بەدواوە سەری هەڵدا) (حەوێز، 2015، 19)، واتە چەمکی پابەندبوون لە نێو کایەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی، ئەگەرچی بەچەندین چەمک و زاراوە بەکارهاتووە، بەڵام هەموویان یەک مانایان هەیە، کە شاعیر یان نووسەر و کارە ئەدەبییەکانی پابەندە بە پێوەرە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاکارەکانی کۆمەڵگاکەی.

پابەندبوونی ئەدەبی ئەوەیە، کە نووسەر خەمەکانی کۆمەڵگاکەی لەڕووی سیاسی و نەتەوەی و کۆمەڵایەتی و ئاکاری لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگە بەش دەکات و بە توندی دژی هەموو نادادی و نیگەرانییەکان دەوەستێتەوە، لە هەمانکاتدا هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو دەدات بۆ کێشەو نیگەرانییەکان (کەواتە ئیلتیزام چوونە دەرەوەیە لە قاوەغی تەسکی خۆیایەتی بۆ مەیدانی خزمەتی جەماهیرو دەربڕینی ئاوات و ئازارەکانی و نەخشەکێشان بۆ دروستکردنی کۆمەڵێکی نوێ) (میراودەلی، 2021، 183)، واتە پابەندبوون لە ئەدەبدا بەشداریکردنی نووسەرە لە مەسەلەکانی خەڵک و ئاواتەکانیان، کە پێداگرییەکی زۆر دەکات بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئاستەنگەکانی کۆمەڵگە بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو ، بەو پێیەی نووسەر و شاعیران تاکێکی کارای نێو کۆمەڵگاکانیانن و بەرهەماکانیشیان ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانی ئەو کۆمەڵگایانەن، واتە نووسەر ئەرکێک ئەنجام دەدات وەک باقی ئەندامانی تری کۆمەڵ، کە ئەرکی جۆراوجۆریان لە ئەستۆیە (هەستکردنی شاعیر بەلێپرسینەوە بەرامبەر بەمەسەلە زیندووەکانی کۆمەڵ و خۆبەستنەوەی بە واقیعی ژیانی سەردەمەکەی و هەوڵدانی بۆ دەربڕینی گیروگرفت وکەموکوریەکانی ئەو واقیعە بەشێوەیەکی ڕاستەقینە، ئەمانە هەموو ئەو پەیوەندییە پتەوە دیار دەکەن کە شاعیر بەکۆمەڵ دەبەستێتەوە و ئەو ئەرکە گەورەیە دیار دەکات کە خراوەتە ئەستۆی شاعیرەوە)(سابیر، 2006، 491)، شاعیر و نووسەران لەگەڵ ڕووداوەکانی نێو کۆمەڵگەکانیان دەبن، لە ئاستیان بێ دەنگ نابن بەڵکو لەڕێگەی بەرهەمەکانیان گوزارشت لەم ڕووداوانە دەکەن و هەوڵی چارەسەرکردن و ئاراستەکردنی وشیاریش دەدەن بەو پێیەی شاعیرو نووسەران لەناو کۆمەڵگەدا خاوەن پێگەیەکی دیارن.

(کەواتە پابەندبوون بریتییە لەو پەیوەندییەی کە ئەدیب بە کۆمەڵ دەبەستێتەوە، هەستکردن بەرامبەر بەلێپرسینەوەو درککردن بە مەسەلە زیندوەکانی کۆمەڵ و خۆبەستنەوە بە واقیعی ژیانی سەردەمەکەی و هەوڵدان بۆ دەربڕینی

گیروگرفتی ناو کۆمەڵ و کەموکوڕییەکانی ئەو واقیعەی کە تێیدا دەژی بە شێوەیەکی ڕاستەقینەو ڕاستگۆیانە، هەروەها دەست نیشان کردن و خستنەڕووی چارەسەری پێویست بۆیان) (حەوێز، 2015، 28)، بەڕوانین لەو پێناسەو مانایانەی بۆ چەمکی پابەندبوون کراون لەبواری لێکۆلینەوەی ئەدەبی بۆمان دەردەکەوێت، کە پابەندبوونی ئەدەبی ئەو جۆرە دەقە ئەدەبییە بۆ نوێنەرایەتی کردنی خەم و نیگەرانیەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە و گواستنەوەی ڕووداو و نهێنیەکانی ژیان بۆ نێو بەرهەمە ئەدەبییەکان بەشێوەیەک، کەبتوانرێت کاریگەری لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە دروست بکات و چارەسەری گونجاو بخاتە ڕوو، کە ئەمەش دووبارە دەمانگێڕێتەوە بۆ پرسی چییەتی ئەدەب و دیاریکردنی ئەرکەکەی، کە لەنێو بزاڤی ڕەخنەی ئەدەبی مشتومڕی زۆری لەسەرکراوە و تائێستاش بەردەوامە، ڕاستە ئەدەب بوارێکی سەربەخۆییە و خاوەنی چەندین لق و بنەمای جیاوازی وەکو (تیۆری ئەدەبی و مێژووی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی ...)یە، بەڵام بەدەر لەمانە کۆمەڵێک ڕەگەز و بنەمایتر ئامادەیان هەیە لەپێکهێنان و لەدایک بوونی دەقێکی ئەدەبی، واتە ئەدەب بەرلەوەی تێکستێکی نووسراوبێت بەمەبەستی چێژبەخشین، گواستنەوەی ڕووداوەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگەیە، بەجۆرێک هەموو تێکستێکی ئەدەبی برێک لە فیکر و ئایدۆلۆژیایی لەخۆی هەڵگرتوە، کە ئامانجی پابەندبوون بریتیە لە خستنەڕووی ئاڕاستەکانی ئەم فیکرو ئایدۆلۆژیایانە، هەرچەند شۆڕشی زانیاری و تەکنەلۆجیاو دواتر سەرهەڵدانی چەندان ڕێبازی جۆراوجۆری ئەدەبی ئەرکی ئەدەبیان گۆڕیوە و دەستکاری پایەکانی ئەدەبیان کردووە و بونیاتی جۆراوجۆریان بۆ بەرهەم هێناوە، بەڵام هێشتان ئەدەب وەک گێڕانەو و دەربڕینی نیگەرانییەکان و ڕووداوەکانی کۆمەڵگە و پەیوەندی کردن بە تاکەکان شوناسی خۆی لەدەست نەداوە و هەر زیندووە، کە ئێمە مەبەستمانە لە چوارچێوەی چەمکی پابەندبوون لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا، ئاماژە بەم پێگەیە بکەین.

## 2-2 سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی پابەند:

کاتێک کەباسی ئەدەبی پابەند دەکەین ڕاستەوخۆ چەند بزووتنەوەیەکی ئەدەبی و فەلسەفیمان دێتەوە یاد؛ وەک ڕیاڵیزمی سۆشیاڵیستی و بوونگەرایی و بیروبۆچوونەکانی مارکس، بەڵام ڕەگ و ڕیشەی ئەم باسە مێژوێکی کۆنی هەیە، ئەگەر لەفەلسەفەی کۆنی یۆنان و ڕۆمانەوە دەستپێبکەین، چونکە وەک ئاشکرایە ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆژئاوا هەر لە ئەفلاتونەوە دەست پێدەکات، کە پێی وابووە هەموو جۆرەکانی شیعر دەبێت لەخزمەتی پەروەردە وئاکاری مرۆڤ دابێت، ئەویش لەڕێگەی دیاریکردنی شوێن و پێگەی شاعیران لە کۆمارەکەی بەتایبەتی ئەو (هەڵوێستە توندوتیژەکەی (ئەفلاتون) بەرامبەر بە شاعیران پەیوەندییەکی بەهێزی بەمەسەلەی ئیلتیزامەوە هەیە،چونکە لەسەر بناغەی ئەو ڕۆلەی هەرکەسێک دەبوایە لە کۆمارەکەیدا بیگێڕێت باس لە ئەرکی شاعیر دەکات و بۆ ئەوە دەچێت کە شاعیران بەکردەوە هیچیان پێ ناکرێت و تەنها قسەیان هەیە) (سابیر، 2006، 493)، هەرچەندە ئەفلاتوون هەڵوێستێکی ئەرێنی نییە بەرامبەر بە شیعرو شاعیران لە کۆمارەکەیدا، بەڵام لەهەمانکاتدا لەپووختەی بۆچوونەکانی ئەوە دەردەکەوێت کە شیعر و ئەدەبیاتی خستۆتە ژێر کاریگەری بنیاتی کۆمەڵایەتی و ئاکاری لە کۆمارەکەی‌دا.

دواتر ئاماژەدان بەو پرسە لای (ئەرستۆ)، کە هونەر و شیعری بە لاسیکردنەوە وێنا دەکات (سەرهەڵدانی شیعر بەگشتی بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە، هەردووکیان ڕەگیان لە سروشتی مرۆڤ داکوتاوە. مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە خدووی لاساکردنەوەی بەمیرات بۆ ماوەتەوە) (ئەرستۆ، 2011، 21)، کە هەموو ئەمانە سەرەتاکانی ئاماژەی پابەندبوونی ئەدەب بە کۆمەڵگە و ڕووداوەکانی ژیان دەردەخەن و بەسەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی پابەند هەژمار دەکرێن، دواتر بەپێی قۆناغ و سەردەمەکان جۆر و شێوازی پابەندکردنی ئەدەب بە پرسەکانی ژیان و کۆمەڵگە گۆڕانی بەسەرداهاتووە؛ بۆنموونە لەسەردەمی کلاسیزمی ئەورووپی ئەدەبیات پابەندکرابوو بەچینێکی دیاریکراو کە (نووسراوی چینی پرۆلیتاریا ئەم دوو شێوە بەکارهێنانە، خۆی لەخۆیدا سیفەتێکی چینایەتی دایە ئەدەب: ئەدەبی کلاسیکی دایە پاڵ چینی سەرەوەی کۆمەڵ) (پیربال، 2021، 12)، واتە لە قۆناغی کلاسیزمی ئەورووپی بەتایبەت لەسەرەتاکانی ئەدەبیات و شیعر پابەندکرابوو بە چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵ، کەچینی سەرووەوەی کۆمەڵە، ئیتر ئەو جۆرە پابەندکردنەی ئەدەب و هونەر بەپێی قۆناغ و ڕێباز و قوتابخانەکان گۆڕانی بەسەر هاتووە، کە هەموویان جۆرێک لە ئاماژەی سەرەتاین لە پابەندبوونی

ئەدەب بە ژیان یان پەنابردن بۆ دونیایی خەیاڵ و دوور لەواقیع، کە لەقۆناغەکانی دواتر ئەدەبیات پابەندکراوە بە جیهانی خەون و خەیاڵ و خۆ دەربازکردن لە واقیع، کە ئەمانە هەموو سەرەتاکانی ئاماژەی پابەندبوونی ئەدەبین بە بارودۆخ و ژیانی مرۆڤ.

هەرچی پابەندبوونە لەئەدەبی هاوچەرخ جۆرێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە جیای دەکاتەوە لەقۆناغەکانی پێشوتر چ لە ئەدەبیاتی جیهان و چ لە ئەدەبیاتی کوردیش، بۆنموونە کە باسمانکر لە ئەدەبیاتی کلاسیزمی ئەورپی ئەدەبیات پەیوەستکراوە بە چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە، ئەوە تاسەردەمانێکی زۆر وەکو پێوەرێکی نەگۆڕ دیاریکرابوو بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکان، ڕاستە ئەمانە نیشانە و ئاڕاستە سەرەتاییەکانی پرسی پابەندبوون دەردەخەن، بەڵام بەمانا تەواو و کامڵەکەی نییە، کەلە ئەدەبیاتی هاوچەرخ هەستی پێدەکرێت، بەڵام ئەوەی لەم نیشان و ئاڕاستە سەرەتاییانە بۆمان دەردەکەوێت ئەوەیە، کە دەتوانین بڵێین بەشێکی زۆری ئەدەبیات بە درێژایی مێژوو بابەتێکی بێلایەن نەبوە، بەڵکو هەمیشە بە ڕووداو بارودۆخەکانی ژیان پابەندو و پەیوەست بووە.

دوای ئەم ئاماژە سەرەتایانە پرسی پابەندبوونی ئەدەبی، کە خستمانە ڕوو لە مێژووی ئەدەب بەشێوەی جیاجیا، کە ئەم پرسە لەقۆناغە جیاوازەکانی پەرەسەندنی ئەدەبیات بوونی هەبووە، تا دواجار بەشێوەیەکی گشتی چەند بۆچونێک لەمەڕ ئەرکی شیعر دروست بوون، کە (بۆچوونێکیان لەچوارچێوە کۆمەڵایەتیەکەوە تەماشای شیعری دەکر و ئەرکی شیعری بەوە دیار دەکرد کە پێویستە ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینەی بارودۆخی سەردەمەکەی بێت) (سابیر، 2006، 495)، دیارە لایەنگرانی ئەم بۆچوونە پێیان وابووە دەبێت ئەدەب لەخزمەت پرسە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگە بێت و پێوەری پەسەندکرنی بەرهەمی ئەدەبیش لەلایان ئەوەبووە تاچەند ئەو بەرهەمە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەیە (بۆچوونەکەی تریش بە پێچەوانەوە شیعر وەک چالاکییەکی خودی پیشان دەدات کە لەلایان شاعیرەوە ئەنجام دەدرێت و هیچ پەیوەندیەکی بە کۆمەڵ و ژیانی خەڵکەوە نییە) (سابیر، 2006، 495)، بەوپێیەی شیعر و ئەدەبیات تەنها هەڵچونێکی دەروونی ناخی شاعیرە و گوزارشت لەهەست و سۆز وخەیالی شاعیر دەکات بەمەبەستی دروستکردنی جوانی و چێژبەخشین، لەبەرامبەر هەردوو بۆچوونەکە دەبینین لەهەر یەکەیان لاینەگری هەیە، بۆچونێکی تر هەیە پێی وایە دەقی ئەدەبی دەکرێت تێکەڵێک بێت لەهەردوو بۆچوون، چونکە ناکرێت دەقی شیعری هەڵگری هیچ بیر وئایدیایەک نەبێت و لەهەمانکاتدا خاڵیش بێت لە پێوەرە ئیستاتیکیەکان.

دوابەدوای ئەم بۆچوونانە و دروستبونی مشتومڕ لەبارەیانەوە لەنێو کایەی ڕەخنەی ئەدەبی، کە تاکو ئێستاش بەردەوامی هەیە، لەکۆتایەکانی سەدەی نۆزدەهەم دوای تێکەڵ بوونی ئایدۆلۆژیا و فیکرە جیاوازەکان بە ئەدەبیات، جارێکیتر پرسی ئەرکی ئەدەبی بۆتەوە جێگە باس و خواسی لێکۆلینەوەی ڕەخنەی ئەدەبی بەتایبەتی دوای سەرهەڵدانی بیر و فیکری مارکسی و تێکەڵ بوونی بەزۆرێک لە بوارەکانی ژیان لە نێویشیاندا ئەدەبیات، دواتر ڕەنگدانەوە لەڕێبازەکانی وەکو ڕیالیزم و بونگەری...، سەرهەڵدانی چەمکی پابەندبوون لەنێو ئەدەبیات یان ڕوونتر بڵێین باسکردنی پابەندبوون وەکو چەمکێکی ئەدەبی دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی فەیلەسوفی فەڕنسی(ژان پۆڵ سارتەر)ئەویش ئەو کاتەی، کە (کتێبەکەی بە ناونیشان ئەدەب چیە؟بڵاوکردەوە، کە ئەمەش بەو مانایە نایەت کە بەر لەوکەسیتر باسی ئەم بابەتەی نەکردوە، بەڵکو بە درێژایی سەدەی نۆزدەم ئەم بابەتە باسی لێکراوە، کە دواجار بووە هۆی سەرهەڵدانی دوو ڕەوتی دژبەیەک، کە ئەدەبیاتی بورژوازی و ئەدەبیاتی باو پاشان ڕەوتێکی مۆدێرنە سەر هەڵدەدات کە داوای ڕزگارکردنی ئەدەبی دەکرد لە ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بەڵام گرنگی کتێبەکەی سارتەر لەوەبوو کە بەشێوەیەکی گشتی لەو ڕاستیەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەو کات و ڕەوتە ناکۆکانە کۆدەکاتەوە لەژێر ناوی پابەندبوون دایان دەڕێژێتەوە) (البابلي، 2004، 23)، ئەگەرچی بەر لەسارتەریش ئەم چەمکە باسی لێوەکراوە، بەڵام بۆ یەکەم جار کە وەکو چەمکێکی ئەدەبی و بەم ناونیشانە هاتبێت لەلایان سارتەرەوە بووە، هەر ئەمەش وایکردوە هەرکاتێک باس لە سەرهەڵدانی ئەدەبی پابەند بکرێت ڕاستەوخۆ (سارتەر) وەک ناوێک دێتە پێشەوە و ناکرێت باسی لێوە نەکرێت (دەستەواژەی ئەدەبی پابەندبوون یان ئەدەبی هەڵوێست لەئەنجامی کاریگەری ئایدۆلۆژیایە مۆدێرنەکان لەسەر ئەدەب دەرکەوتووە) (أديريت، 2005، 112)، واتە سەرهەڵدانی ئەم چەمکەش وەکو پێشووتر باسمانکر لەئەنجامی تێکەڵ بوونی بیر و فیکرە

ئایدۆلۆژیەکانە بە ئەدەبیات، تەنانەت لەلایەن خودی سارتەریشەوە کەلەژێر بیرو فیکری فەلسەفەی بوونگەرایەوە ئەم بابەتەی وروژاندووە.

## 2-3 سەرهەڵدانی شیعری پابەند لە ئەدەبی کوردیدا:

لە ئەدەبیاتی کوردیشدا هەر لە کۆنەوە هەست بە ئاماژەکانی پابەندبوون دەکرێت ئەویش لەڕێگەی ئەو پەیوەندییە پتەوەی کە شیعر هەیەتی بە کۆمەڵگە و سەردەمەکەی، ئەگەر بڕوانینە شیعری کلاسیکی کوردی کە بەرێژەیەکی بەرچاو ئەدەبێکی پابەندی ئایینیە، واتە پابەندبوون بە بنەماکانی ئاین وەکو پێوەرێکی نەگۆڕی ئەم ئەدەبە هەژماردەکرێت یان ڕوونتر بڵێین ئەدەبێکی پابەندە بە بیری ئایینەوە (چونکە هەموو شاعیرەکانمان – بەشێوەیەکی گشتی – مەلابوون و دەورەکانی فەقێیەتییان بینیوە و، زانستەکانی ئاینی ئیسلامییان خوێندووە و، باوەڕی ئاینی لە مێشکیاندا چەسپاوە و ڕەوتی بیرکردنەوەیانی دیاریی کردووە) (میراودەلی، 2021، 208)، ئاماژەکانی پابەندبوون ئەگەرچی وەک پێوەریش بوبێت لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیشدا بەدیدەکرێت، هەرچەندە بەمانا مۆدێرنەکەشی نەبێت، بەڵام دواتر بە پێی گۆڕانی سەردەم و بارودۆخی ئەدەبی کوردی ئەرک و مەبەستی شیعری کوردیش گۆڕانی بەسەرداهاتوە زیاتر بنەماکانی پابەندبوون لە شیعری کوردی ڕەنگی داوەتەوە ئەوەش (لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەوە دروست بووە کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا جیهانی بە گشتی و کوردستانی بە تایبەتی گرتەوە. ئەوەبوو بەپێی ئەو بارودۆخە تایبەتییەی میللەتی کورد تێیدا دەژیا ئەرکی شیعری بەوە دیارکرا کە دەبێ ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینەی بارودۆخی ژیانی میللەت بێ) (سابیر، 2006، 498)، کەئەمە سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئەدەبیاتی پابەندە لەشیعری کوردیدا بەپێی بنەما مۆدێرنەکان، کە هەر ئەوەش وایکرد پابەندبوونی ئەدەبی وەک فۆرمێکی نوێی ئەدەبی کوردی دیارییبکرێت.

هەڵبەتە ئەم گۆڕانکاری و هاندانەی شاعیران بۆ پەیوەست بوون بە پرسە کۆمەڵایەتی و نیشتیمانیەکان وەک ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئەو سەردەمە بووە جا چ لەلایان لێکۆڵەران یان خوودی شاعیران بێت، لەم بارەیەوە مامۆستا (ڕەفیق حیلمی)ڕووی دەمی دەکاتە بێخودی شاعیر و پێی دەڵێت (نامانەوێت کە ئیتر وەسفی زاج و پەرچمان بۆ بکا و یا مەرسیە بۆ مردوو بنوسێتەوە، حەتتا نایشمانەوێ هەر بە مەدحی پێغەمبەرەوە خەریک بێ و بۆ ئاخیرەتی هەوڵ بدا؛ بەڵکو هیوامان وا پێیەتی کە ماوەی عومری خۆی، سەرفی دیوانێکی عەسری و تازە بابەت بکا و بە شیعری بەرز و ڕەنگینیی نیشتیمانپەروەرانە، ڕوحێکی نوێ بکا بە بەری لاوەکاندا و بیانخاتە سەر ڕێگەی چاکە) (حیلمی، 2010، 58)، واتە زەرورەتی ئەم قۆناغە وایکردووە کە شاعیران زیاتر پەیوەست بن بە بارودۆخ و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە وخواستی کۆمەڵگەش هەر ئەوەبوە، کە کەناڵێک هەبێت بۆ گوزارشتکردن لە ئازار و نیگەرانیەکان، بێگومان بۆ ئەو سەردەمەش ئەدەبیات بەگشتی و شیعر بەتایبەتی هۆکارێکی گرنگی دەربڕینی ئەم خواستانەی کۆمەڵگە بووە (ئەگەر ئێمە باس لە پابەندبوون لە ئەدەبی کوردیدا بکەین دەبێت بگەڕینەوە بۆ ئەو بارودۆخەی کە نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو پێیدا تێپەڕیوە چونکە ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەی بەتایبەتی لەسەرەتایەکانی سەدەی بیست بەدواوە وای کردوە زۆربەی شاعیران و ئەدیبان پابەندبن بەو واقیعە) (حەوێز، 2015، 110)، واتە بۆدیاریکردنی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی پابەند لە ئەدەبی کوردی وەک زۆرێک لە ئەدەبیاتی میللەتان، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو بارودۆخەی کە میللەتی کورد پێیدا تێپەڕیوە، کە دواجار ئەدەبێکی پابەند بە بارودۆخ و ڕووداوەکان سەریهەڵداوە و گوزارشتی لە واقعی ئەو سەردەمانە کردووە.

بەشێوەیەکی گشتی ئەمانەی خرانەڕوو سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئاماژەکانی شیعری پابەندبوون لە ئەدەبی کوردیدا، تا دواجار لەدوای کرانەوەی کۆمەڵگەی کوردی بەڕووی جیهان و هاتنە ناوەوەی چەندین بیر و فیکری فەلسەفی و ئاینی و ڕێبازی ئەدەبی و تێکەڵ بوونیان بە کۆمەڵگەی کوردی و لەهەمانکاتدا بەردەوام بوونی ئازار و نیگەرانیەکانی سەر میللەتی کورد لەو بەشەی سنووری لێکۆڵینەوەکەمان، وایکرد ئەو بیرو فیکرە جیاوازانە وەک ئاڕاستەی جیاواز ببنە بنەمایەک بۆ چەسپاندنی بنەماکانی ئەدەبیاتی پابەند لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا.

### 3- بنیاتی هونەری شیعری پابەند:

سەرەتا بەر لەوەی باسی بنیاتی هونەری شیعری پابەند بکەین، بەگرنگی دەزانین ئاماژەیەکی کورت بە چەمکی بنیات بکەین لەڕووی زمان و زاراوە و ماناوە. وشەی بنیات لەڕوو زمان و زاراوەوە (لە زمانە ئەوروپییەکاندا لەوشەی(stuere)ی لاتینییەوە هاتووە، کە بەواتای بینا یاخود بنیادنان دێت) (عوسمان، 2015، 12). دیارە ئەم چەمکەش لەڕووی بنەڕەتی زمانیەوە وەکو زۆرێک لە زاراوەکانیتر ڕەچەکەی دەگەڕێتەوە سەر زمانی لاتینیەوە (وشەی بنیات لە کۆنداو تەنانەت ئەمڕۆش بەشێوەیەکی بەرفراوان لەسەر ئاستی جیاجیای مەعریفەدا بەکار دەهێنرێت بەتایبەتی لەبواری زانست و مرۆڤایەتیدا، مانا لاتینیەکەی ئەم زاراوەیە ئەوە دەگەیێنێت، کە هەر لەسەرەتاوە بەمانای بینا سازی هاتووە) (شێخ بزێنی، 2011، 19)، هەروەها ئەم چەمکە لەزمانەکانیتریش بەمانایەکی نزیک لەم واتایە بەکارهاتووە،هەروەها لەزمانی کوردیش بەم شێوەیە ماناکەی لێکدراوەتەوە (بنیات: بناغە) (خاڵ، 2005، 36)، هەروەها بەهەمان شێوە لە فەرهەنگی (هەمبانەبۆرینە)ش مانای وشەی (بنیات بە بنەڕەت و بناغە ) بەکارهاتووە.

کەواتە دەتوانین بڵێین چەمکی بنیات لەڕووی زمانەوە لەزۆربەی زمانەکانەوە واتاکەی لە یەکتری نزیکە، هەروەها دەکرێت ئەوەش بلێن، کە زاراوەی بنیات وەک زۆرێک لە زاراوە ئەدەبیەکان سەرەتا لەبوارەکانیتری ژیان بەکارهاتووە، دواتر گواستراوەتەوە بۆ نێو بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی (بۆیە کاتێک ئەم زاراوەیە دەپەڕێتەوە ناو هونەر و ئەدەب، هەریەک لە زاراوەکانی: (بینا)، (بنیاد)، (بونیاد)، و (بنیات) بۆ ئەم چەمکە دەبینرێن، بەڵام بەکارهێنانی هەموویان لەکاری ئەدەبیدا هەر یەک واتا دەگەینن و دروستن)(خۆشناو،2024، 226)، هەروەها لەڕووی پێناسەکردن و ماناوە وشەی بنیات لەبواری ئەدەبی و لێکۆڵینەوە ئەدەبی چەندین پێناسەی جیاجیای بۆکراوە، بەو پێیەی دیاریکردنی پێناسەیەکی دیارکراو و گشتگیر بۆ وەها چەمکێک کە لەزۆرێک لەبوارەکانی ژیان بەکاردێت ڕەنگە کارێکی ئاسان نەبێت، بۆیە لەنێوان ڕەخنەگران و شارەزایانی ئەم بوارە پێناسەی جیاجیای بۆ کراوە و لەدیدی جیاوازەوە لێی دواون، بۆنموونە (ژان پیاژێ)بەم شێوەیە ئەم چەمکەی پێناسەکردوە(بنیات بریتیە لە کۆمەڵە گۆڕانکارییەک کە یاسای تایبەتی خۆی هەیە بەو پێیەی ئەو گۆڕانکاریانە بۆ خۆیان سیستەمێکن)(ڕشید، 2007، 11)، هەروەها هەر لەبارەی پێناسەکردنی ئەم چەمکە(لوسیان گۆڵدمان)پێی وایە (بونیات واتە سیستەم، لە هەر سیستەمێکدا، هەموو بەشەکان بەیەکەوە بەستراون، بەشێوەیەک کە کاری هەر بەشێک بەسەرجەم بەشەکانی سیستەمەکەوە بەستراوەتەوە) (شێخ بزێنی، 2011، 23)، هەروەها (ریڤاتێر)یش بەم شێوەیە پێناسەی چەمکی بنیات دەکات (بونیات سیستەمێکە لە لەچەند ڕەگەزێک پێک دێت، ناکرێت هیچ کامیان تووشی گۆڕانکاری بێت، بەبێ ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە هەموو ڕەگەزەکانی تردا) (شێخ بزێنی، 2011، 23)، ئەمانە و چەندان پێناسەیتر کە بۆ چەمکی بنیات کراون، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین لەکۆی ئەم پێناسانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین پێناسەکانی هەریەک لە(لویسیان گۆلدمان و ریڤاتێر) گونجاوترن بەتایبەتی لەگەڵ بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دەگونجێن، چونکە پێیان وایە بنیات سیستەمە و لەچەند یەکەیەکی بەیەکەوە بەستراو پێکهاتووە، بنیاتی هونەری هەر دەقێکی شیعری وەک سیستەمێک لە چەند ڕەگەزێکی وەک وێنەی هونەری و زمانی شیعری و مۆسیقا و ریتمی شیعری پێکهاتووە، کە ناتوتوانرێت دەست بەرداری هیچ کام لەو ڕەگەزانە ببین لە دەقێکی شیعریدا، بۆیە دەتوانین بلێین بنیات (لەچەند کۆڵەکەیەک پێکدێت، لە ئەنجامی لێکدان و کارلەیەک کردنی کۆڵەکەکان بەیەکەوە یەکەیەکی یەکگرتوویان لێ پێکدێت. بوونی هەر کۆڵەکەیەک لەسەر ئەویتریان دەوەستێ، هەر یەکێک لەم بنەمایانە بوونی نییە تەنیا بە پەیوەندیکرنن لەگەڵ بنەماکانی تر نەبێ) (نوری، 2020، 8)

دوای ئەوەی بەشێوەیەکی خێرا چەمک و پێناسەی بنیاتمان خستەڕوو بە پێویستی دەزانین پەیوەندی بنیاتی هونەری بە دەقی شیعری پابەند بخەینەڕوو بەتایبەت لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا، هەروەک لەپێناسەی شیعری پابەند ئەوەمان خستەڕوو شیعری پابەند زیاتر بۆ کۆمەڵی خەڵکە و لە ئازارو نیگەرانییەکانی خەڵک دەدوێت، هەڵبەت ئەمەش وادەکات لەڕووی بنیاتی هونەرییەوە جیاوازبێت لەگەڵ جۆرەکانیتری شیعری ئەم قۆناغە، چ لەڕووی زمانی شیعر و چ لەڕووی وێنەی شیعریەوە، کە هەندێ جار خودی شاعیرە پابەندەکانیش درک بەم ڕاستیە دەکەن و نایشارنەوە بۆنموونە (شێرکۆ بێکەس)لە پێشەکی دیوانی (کەشکۆڵی پێشمەرگە)، کە یەکێکە لەو دیوانانەی شاعیر کە زۆرترین پابەندبونی پێوە دیارە

بە ژیان و گوزەرانی کۆمەڵ بەتایبەت ژیانی پێشمەرگە لەوسەردەماندا دەڵێت: (هەڵبەتە خوێنەری زیرەکیش ئەبێ ئەوە بزانێت کە شیعرەکانی کەشکۆڵی پێشمەرگە بەر لەهەموو کەسێک بۆ خودی پێشمەرگە و دونیای ئەوان نووسراون و لە تاقیکردنەوەی ئەوانەوە سەرچاوەیانگرتووە لەپلەی یەکەمیشدا بزواندن و چێژ لێوەرگرتنی ئەوانم لامەبەست بووە. هەر لەبەر ئەمەش (هەندێ جار خۆم بەدەستی خۆم، لەپێناوی چارەنووسە گەورەکەدا قوربانیم بە هەندێ لایەنی ستاتیکی جوانکاری داوە ساکارانە نا بەڵام سادەتر دامڕشتوون. بەلای منەوە لەوسەردەمانەدا لە مەیدانی پێشمەرگەدا، هونەری شیعریش، هەرئەوەی داوا ئەکرد) (بێکەس، 2006، 10)، هەروەک دەبینین بەپێی دانپێنانی خودی شاعیرانیش ئەوە دەردەکەوێت، کە شیعری پابەند لەڕووی بنیاتی هونەریەوە شێوەیەکی سادەتری هەیە لەچاو جۆرەکانیتری شیعری ئەم قۆناغە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە ئەم جۆرە شیعرە خاڵیە لەڕەگەزەکانی بنیاتی هونەری، بەڵکو شێوەیەکی سادەتری هەیە ئەمەش بەهۆی تایبەتمەندی جۆری شیعرەکەوەیە، کە شیعری پابەند پێویستە بەزمانێکی سادە و فۆڕمێکی سادە دابڕێژرێت.

هەرلەبارەی بنیاتی هونەری دەقی شیعری پابەند و ئاماژەپێکردنی لەلایان خودی شاعیرانەوە (عەبدوڵڵا پەشێو)، یەکێکیترە لەو شاعیرانەی کە بابەتی پابەندبوون لە بەشێکی زۆری هۆنراوەکانی دەبینرێت و بە یەکێک لە شاعیرە پابەند و بە هەڵوێستەکان دەناسرێت، لە پێشەکی دیوانی (براکوژی)دا لەم بارەیەوە دەڵێت: (ئەوەی بەر دەستت پێش ئەوەی شیعر بێت هەڵوێستە. ئەوەی لەکاتی نووسیندا لەبەر چاوی خەیاڵم بووە هەژارێکی شێخەڵابووە، نەک خوێندەوارێکی بە شیعر تێر و تەسەل- بۆ میکرۆفۆن نووسراوە، نەک بۆ خوێندنەوەی بێدەنگ) (پەشێو، 2014، 430)، ئەم دانپێدانانەی خودی شاعیران لەلایەک ئەوە دەگەیەنێت، کە شیعری پابەند لەڕووی بنیاتی هونەری جیاوازترە لە جۆرەکانیتری شیعر، لەلایەکیتریش ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەم ساکاربوونە لە بنیاتی هونەری دەقەکان بە ئاگاییەوە ئەنجام دەدرێت لەلایان شاعیرانەوە، بگرە تواناو لێهاتووی شاعیری پابەند نیشان دەدات، کە دەتوانێت دەقێکی شیعری دابڕێژێت بەو کەرەستە سادانەی پێویستە بەکاریان بهێنێت بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی تایبەتمەندی شیعری پابەند دەرنەچێت (ئەم جۆرە بەکارهێنانەی زمان لە شیعردا، زۆرجار لە بەهای شیعریی کەم دەکاتەوە و لەقسەی ڕاستەوخۆی نزیک دەکاتەوە، ئەمەش پەیوەندی بە توانای شاعیریتی هەر شاعیرێک لە بەکارهێنانی زمانە شیعرییەکەیدا هەیە) (حوسێن، 2020، 462)،واتە داڕشتنی ئەم جۆرە شیعرە پێویستی بەتواناو لێهاتویەکی زۆر هەیە، لەلایان شاعیرانەوە بەهوی ساکاربوونی ئەو کەرەستانەی بەکاری دەهێنێت، ئەوەش ئەم ڕاستیە پشت ڕاست دەکاتەوە کە ئەم جۆرە شیعرە خاڵی نیە لە ڕەگەزەکانی بنیاتی هونەری، بەڵکو دەکرێت وەکو جۆرێکی دیاریکراوی هونەری نووسینی شیعری هەژماربکرێت، بەجۆرێ ئەگەر لە ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی بنیاتی هونەری سادەبێت، ئەوە لە ڕەگەزێکیتر دەوڵەمەندە، بۆنموونە ئەگەر لەبەکارهێنانی ڕەگەزی زمان سادەبێت و زمانێکی سادەو ساکار بەکارهاتبێت ئەوە لە ڕووی ڕەگەزی وێنەی شیعری یان مۆسیقا و ڕیتمی شیعری دەوڵەمەندە، کە ئەم وێنە شیعریانەی لە دەقێکی شیعری پابەند بەدی دەکرێن کە لە زمانێکی سادەوە خوڵقێنراون، ئەوە دەسەلمێنێت کە شیعری پابەندیش خاڵی نییە لە بنیاتی هونەری، بەڵام بە تایبەتمەندی و سروشتی تایبەتی خۆیەوە.

بۆیە دەتوانین بڵێین شیعری پابەند خاوەنی بونیاتێکی تایبەتی خۆیەتی کە جیای دەکاتەوە لەجۆرەکانیتری شیعر، کە زۆربەی جاران بە بونیاتێکی سادە و ساکار دەناسرێتەوە، هەر ئەم سادیەش وایکردووە ئەم جۆرە شیعرە ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر ببێتەوە، بەوەی لەڕووی بنیاتی هونەریەوە لاوازە، کە ئێمە هەوڵدەدەین چەند نموونەیەکی شیعری پابەند لەڕووی بونیاتی هونەریەوە شیبکەینەوە بەمەبەستی سەلماند و لێکدانەوەی ئەم بۆچوونەمان، بەڵام بەر لەوەی نموونە شیعریەکان بخەینە ڕوو بە پێویستی دەزانین ئاماژەیەکی خێرا بە ڕەگەزەکانی بنیاتی هونەری بکەین، کە مەودایەکی فراوانی هەیە، وەک ئاشکرایە بنیاتی هونەری وەک لایەنێکی گرنگی فۆڕمی شیعری لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت کە بریتین لە ( بنیاتی زمانی و بنیاتی ئاوازەیی و بنیاتی وێنە)، کە ئێمە لێرەدا زیاتر تیشک دەخەینە سەر هەردوو جۆری بنیاتی زمان و بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری پابەند لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا.

### 3-1 بنیاتی زمان لە شیعری پابەند لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا:

هەروەک لە پێناسەی بنیاتی هونەری ئاماژەمان بەوەکرد کە بنیات سیستەمێکە لەچەند ڕەگەزێکی سەرەکی پێکهاتووە، کە یەکێک لە ڕەگەزەکان بنیاتی هونەری دەقی شیعری بریتییە لە بنیاتی زمان، کە زمان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە داڕشتنی بنیاتی هونەری دەقی شیعری (زمان وەکو دیاردەیەکی هونەری ڕۆڵی کاریگەر و بنیاتنەر دەگێڕێت لە هەیکەلی شیعردا واتا لەڕووی فۆرمەوە هەروەها بەهۆی بەهاو ڕەهەندانەی وشە لە شیعردا هەیەتی ئەوەندی تر مەسەلەی زمانی شیعری گرنگی لای ڕەخنەگران پەیداکردوە بۆتە سەرهەڵدانی چەندەها تیۆری بەکەڵک لەم بارەیەوە) (شێخ بزێنی، 2011، 61)،زمان یەکێکە لە ڕەگەزەکانی پێکهێنانی بنیاتی هونەری دەقی شیعری بەجۆرێک بەیەکێک لە ڕەگەزە سەرەکیەکان دادەنرێت و ئەو ڕەگەزەش دەکرێت بکرێتە بنەمایەک بۆ جیاکردنەوەی جۆرەکانی دەقی شیعری بەتایبەت لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا (زمان ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی بنیاتی شیعریدا، هەر لەوکاتەوە ڕەگەزێکی وێنەی هونەرییە کە وێنە تیایا بەرجەستە دەبێت. زۆرجار زمانی وێنەی شیعری دەبێتە زمانی هۆنراوەکە) (گەردی، 2004، 61)، بەو پێیە زمان ڕەگەزێکی گرنگە لە بنیاتنانی بونیاتی هونەری بۆ دەقی شیعری، کە وادەکات وێنەیەکی هونەری تایبەت بدات  بە دەقە شیعریەکە ( شاعیر لە بنیاتنانی وێنەی هونەریدا ئەو زمانە بەکاردێنێ کە زمانێکی پوختکراوە و جیایە لە زمانی قسەکردنی ڕۆژانە. زمانێکە لەڕووی تێگەیشتنەوە پانتاییەکی فراون داگیر دەکات) (گەردی، 2004، 67)، کەواتە زمان ڕەگەزێکی گرنگە لە بنیاتی هونەری دەقی شیعری، ئەویش لەڕێگەی بەکارهێنانی زمانێکی پووخت و جیاکەرەوە، کە ئەمەش وادەکات زمان وەک ڕەگەزێک لە پێکهاتەی بنیاتی هونەری دەقی شیعری لە جۆرەکانی شیعر جیاوازبێت و ببێتە هۆی جیاکردنەوەشیان، کە ئێمە لێرەدا باس لە زمان دەکەین وەک ڕەگەزێکی سەرەکی لە بنیاتی هونەری دەقی شیعری پابەند لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا بەتایبەتی لەو جوگرافیا و کات و زەمەنەی کە لەناونیشانی توێژینەوەکە ئاماژەی پێکراوە.

بێگومان شیعری هاوچەرخی کوردی بە قۆناغ و ڕووداوی جیاواز تێپەڕیوە، کە هەریەکێک لەو قۆناغ و ڕووداوانە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی جۆرێک شیعر و ئەدەبیات، کە یەکێک لەو جۆرە شیعرانە شیعری پابەندە، کە لە ئەنجامی ئەو ڕووداو بارودۆخانە کە کۆمەڵگەی کوردی پێیدا تێپەڕیوە وەک پێویستیەکی هەنوکەیی بۆ گوزارشتکردن لە بارو دۆخی ئەو سەردەمە دەرکەوتوە، هەڵبەتە دەرکەوتنی ئەم جۆرە شیعرەش وەک چۆن لەڕووی ناوەڕۆکەوە جیاوازە و گوزارشت لە کۆژانەکانی کۆمەڵگە دەکات بەهەمان شێوە لەڕووی فۆرم و بونیاتی هونەریش خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی، بەتایبەتی زمان وەک ڕەگەزێکی سەرەکی لە پێکهێنانی  بنیاتی ئەم جۆرە شیعرە تایبەتمەندی خۆی هەیە (زمانی شیعریی لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕیت، لە هەمان چەرخیشدا بەکارهێنانی زمانی شیعریی لای شاعیرانی هاوچەرخ دەگۆڕێت و جیاوازە) (ئەحمەد، 2016، 49)، ئەگەرچی لەیەک قۆناغ و سەردەمیش بن بەلام بەپێی تایبەتمەندی جۆری شیعرەکە و هەڵوێستی شاعیران زمانی شیعریش گۆڕاوە هەر ئەمەش وایکردووە شیعری  پابەند لەم قۆناغە خاوەنی بنیاتێکی تایبەتی زمانی خۆی بێت کەلەلایان شاعیرانی پابەند پەیڕەوی لێکراوە، وایکردوە ئەو زمانەی شیعری ببێتە ناسنامەی جیاکردنەوە و ناسینەوەی ئەم جۆرە شیعرە لەم قۆناغەدا (بۆنموونە لە داڕشتنی یان هۆنینەوەی هۆزانێکی بەرهەڵستکارانەدا دەبێت بە وردی چاو ببڕدرێتە چۆنییەتی چنینەوەی کەرەستەکانی زمان لەڕووی پێکهاتەی ڕێزمانی و واتایی ودیمەنە خەیاڵییە ئەستەم برو بێ هاوتاکان) (طه، 2015، 101)، واتە ڕەچاوکردنی بنەماکانی زمان لە هۆنینەوەی شیعری پابەند، کە بەجۆرێک بێت زۆرینەی خەڵک لێی تێبگات و لەهەمانکاتدا خاڵیش نەبێت لەبنەماکانی بنیاتی هونەری، کە وابکات زمان لە ئامانجە سەرەکییەکە کە ئامرازێکی گەیاندنە بگوازێتەوە نێو بەرهەمێکی ئەدەبی وەک سەرچاوەی وروژاندن و هاندان و جوڵانی هەستەکان، کە ئەمەش بەچەندین شێواز دەکرێت لەمامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ زمانی دەقی شیعری، کە ئێمە لەم مەودا کورتە تەنها چەند لایەنێکی ئەم بنیاتە زمانییە لە شیعری پابەند لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا دەخینە ڕوو.

### 3-1-1 لادانی زمانی:

مەبەست لەلادانی زمانی ئەوەیە، کە شاعیر لە یاساکانی زمانی ئاسایی لادەدات ڕێساکانی زمان دەبەزێنێت ئەم لادانەش بە یەکێک لەبنەما سەرەکیەکانی پێکهێنانی بنیاتی هونەری دادەنرێت لەدەقی شیعری (لادانی زمانی بریتییە لە لادان لە یاساو ڕێساکانی زمانی ئاسایی، یەکێکە لەو بنەما هونەریانەی دەقی شیعریی، کە دەبێتە ڕەگەزێکی گرنگی داهێنان و جوانکاریی لەدەقی شیعریدا) (مستەفا، 2021، 126)، بەو پێیەی کە لادانی زمانی بە یەکێک لەبنەما سەرەکیەکانی بنیاتی هونەری دەقی شیعری دادەنرێت، جا ئەو لادانە لەهەر ئاستێکی زمان بێت بەشدارە لە بنیاتنانی بنیاتی هونەری دەقی شیعری بەتایبەت لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا، چونکە ئەگەر شیعری کلاسیکی کوردی لەڕووی زمانەوە هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەشێوەیەکی چڕ تێدابەکارهاتبێت بۆ بنیاتنانی هونەری ئەوە شیعری هاوچەرخی کوردی بەرێژەیەکی زۆر پشت بەلادانی زمانی دەبەستێت لەبنیات نانی بنیاتی هونەری دەقی شیعری، لەم نێوەندەشدا شیعری پابەند وەک جۆرێکی دیاری شیعری هاوچەرخی کوردی بێ بەش نییە لە جۆرەکانی لادانی زمانی بەپێی ئاستەکانی زمان، کە دەکرێت ئاماژەیەکی خێرا بەسەر دەقێکی شیعری پابەندی ئەم قۆناغە بکەین، لەڕووی بەکارهێنانی لادانی زمانی بەمەبەستی دەست نیشانکردنی بنیاتی هونەری دەقە شیعرییەکان، بێگومان لەم مەودا کورتە ناتوانین بە وردی لەسەر هەموو جۆرە لادانە زمانیەکان لە ئاستە جیاوازەکانی زمان بوەستین، بەڵکو تەنها ئەوەندە نەبێت کە چەند نموونەیەکی لادانی زمانی لەم جۆرە شیعرە وەردەگرین، وەک نمونەیەک بۆ سەلماندنی بوونی بنیاتی هونەری لە ئاستی زمان و بەدیاریکراو لەبابەتی لادانی زمانی لە دەقی شیعری پابەندی ئەم قۆناغە.

بۆنموونە ئەو کۆپلە شیعرەی (عەبدوڵڵا پەشێو) لە شیعری (سەدان ساڵە)، کە دەڵێت:

سەدان ساڵە،
لە وێرانەماڵی خۆمدا،
کتکەکۆرەی گۆشەی متبەقی سوڵتانم.
سەدان ساڵە،
حەوشوبەرەی خۆم واڵایە و
لەبەر دەرگەی دزانی خۆم پاسەوانم. (پەشێو 2014، 66)

ئەگەر لەم کۆپلە شیعرە بڕوانین دەبینین وێڕای دەربڕینە سادەکەی وەک شیعرێکی پابەند، بەڵام لەهەمانکاتدا چەندین لادانی زمانی ئەنجام داوە بۆ نموونە لە ئاستی وشەدا شاعیر وشەی (وێرانە ماڵ)ی بەکارهێناوە کە جۆرێک تێکدانی ڕۆنانی باوی وشەی ئەنجام داوە، کە وشە باوەکەی (ماڵی وێرانە)، هەروەها هەر لە ئاستی وشە دەبینین شاعیر لادانی شێوەزاری ئەنجام داوە بەبەکارهێنانی وشەی(کتکە کۆرە)، کە وشەی (کتک)یە کە بەواتای (کتک: پشیلە) (خاڵ، 2005، 356)، واتە شاعیر لە بەکارهێنانی ئەم وشەیە جۆرێک لە لادانی زمانی ئەنجامداوە لە ئاستی وشەدا، ئەویش لادانی شێوەزارییە، کە زیاتر لە شێوەزاری کرمانجی سەروو بە (پشیلە) دەگوترێت (کتک)، هەروەها لەبەکارهێنانی ئەو ناوە بۆ (پشیلە) جۆرێک لەتایبەتمەندی پێدراوە، چونکە (کتک) زیاتر بە پشیلەی کێوی و سەرشەقام دەگوترێت نەوەک پشیلەی ماڵی و ڕاهێنراو.

هەروەها لەکۆپلەکانیتری هەمان شیعری شاعیر چەندین بنەمایتری لادانی زمانی بەدی دەکرێت بۆنمووە لەم کۆپلەی خوارەوە:

قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن:
دان و مێروو برای یەکن.
قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن،
خوێن و زێروو برای یەکن.
قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن،
ماسی و چەنگاڵ،
مشک و جەواڵ،
دەست و چزوو برای یەکن.
قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن،
پەت و گەردن،
گوێزان و موو برای یەکن (پەشێو 2014، 69)

ئەگەر سەیری ئەم کۆپلە شیعرە بکەین چەندین لادانی زمانی لە ئاستە جیاوازەکانی زمان تێدا بەدی دەکرێت، بۆنموونە بەکارهێنانی وشەی ڕۆژانە، کە یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی شیعری پابەندە، کەمەبەست لێی تێگەشتنی خەڵکی ئاساییە لە بابەتی شیعرەکە (شیعرێکیش کە بۆ خەڵک و گشتی بێت دەبێت زمانەکەشی لە ئاستی تێگەشتنی ئەواندابێت) (ئەحمەد، 2013، 111)، بەکارهێنانی وشەی ڕۆژانە لادانە لەبەکارهێنانی وشەی هونەری و موسیقی شیعری کە زمانی شیعری پێ دەناسرێتەوە، دەبینین شاعیر چەندین جار وشەی (قەحپە) دووبارە دەکاتەوە، کە وشەیەکی (تابۆ)ی نێو کۆمەڵگەیە زیاتر خەڵکی ئاسایی و ساویلکە بەکاری دەهێنن، بەڵام دەبینین شاعیر بەبێ هیچ جۆرە بەرگێکی شیعری و هونەری ئەم وشەیەی بەکارهێناوە، بەڵام ئەوەی وایکردوە بنیاتی زمانی ئەم کۆپلە شیعرە لە دەربڕینێکی ئاسایی جیابکرێتەوە و ببێتە زمانێکی شیعری برگەکانی دواترە، کە شاعیر چەندین وشەی دژ بەیەکی وەک (دان و مێرو – خوێن و زێروو – ماسی و چەنگاڵ – مشک و جەواڵ – دەست و جزوو – پەت و گەردن) بەکارهێناوە، هەروەها چەندین بابەتیتری لادانی زمانی ئەنجام داوە وەکو کورتبڕی و بەکارهێنانی زمانی ناوچەیی و لادان لە ئاستی ڕستەسازی و جێگۆڕکردنی کەرەستەکانی ڕستە...، واتە ئەم کۆپلە شیعرە ئەگەرچی بە زمانێکی سادە و ساکار نووسراوە، بەڵام خاڵی نیە لە بنیاتی زمانی وەک ڕەگەزێکی گرنگی بنیاتی هونەری دەقی شیعری.

هەروەها نموونەیەکیتری شیعری پابەندی ئەم قۆناغە ئەم شیعرەی شاعیر (إسماعیل تەنیا)یە بەناونیشانی (شەش وانە بۆ جوتیاران)، کە دەڵێت:

ئەی جوتیارە چەوساوەکان
دڕکە زەردەو زیوانەکان
کاتی هاتووە
لەناو دڵی دەغڵ و دانمان
بژاربکەین.
تا لە هاوینی بەرهەممان
بارەگەنمی پاک کراوەی
ڕەسەنیمان
لەلادێوە بۆ شار ببین. (تەنیا 2011: 14)

بەڕوانین لەم کۆپلە شیعرە دەبینین چەند لادانێکی زمانی تێدایە لە ئاستە جیاوازەکانی زمان، بەڵام ئێمە تەنها ئاماژە بەو لادان دەکەین، کە شاعیر لە ئاستی ڕستەدا ئەنجامی داوە، جۆرێک لە تێکدانی لە ڕۆنانی ڕستەکەدا کردوە، کە وا لەخوێنەر دەکات هەڵوەستەیەک بکات لە گەیشتنی واتایی تەواوی کۆپلە شیعرەکە (شاعیر بۆ دوورکەوتنەوە لە یاساو شێوە باو

و جێگیرەکان، کردەی لادانی ڕۆنانی لەسەرجەم پێکهاتەکانی ڕستەی شیعری ئەنجام دەدات، بەمەش خوێنەر ڕووبەڕووی ڕۆنان و پێکهاتێکی نامۆ دەبێتەوە، کەپێشتر نەیبیستووە نەبووە) (ئەحمەد، 2013، 136)، کەواتە بەپێی ڕیزبەندی ڕستەکان دەبینین جۆرێک لادانی ڕۆنانی ئەنجامداوە لەنێوان دێری دووەم و چوارەم شوێنیان گۆڕاوە، کە بۆ تەواوبونی واتاکەی بەبێ لێلی دەکرێت بەم شێوەیە بێت:

ئەی جوتیارە چەوساوەکان
کاتی هاتووە
لەناو دڵی دەغڵ و دانمان
دڕکە زەردەو زیوانەکان
بژاربکەین

هەر لەچوارچێوەی لادانی زمانی یەکێکیتر لەو ئاستانەی زۆرترین لادانی زمانی تێدا ئەنجام دەدرێت لە دەقی شیعری ئاستی واتایە، کە (لادانی واتایی یەکێکە لەو بنەمایانەی، کە دەورێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە لە ڕەنگدانەوە و بەرجەستەکردنی لادانی شیعری لەنێو پێکهاتەکانی دەقی شیعریدا) (محمود و محەمەد، 2023، 194)، واتە ئاستی واتاش وەک ڕەگەزێکی گرنگی لادانی زمانی بەچەندین جۆر و شێوە لادانی تێدا ئەنجام دەدرێت وەک ( بەمرۆڤ کردن – بەئاژەلکردن - بەڕووەک کردن – بەتەن کردن – دژە واتا –ئەبستراکت – پارادۆکس – ڕەمز ...)، کە هەریەکێک لەمانە لەنێو چوارچێوەی ئاستی واتادا لادانی تێدا ئەنجام دەدرێت لەنێو دەقی شیعریدا، کە ئێمە ناتوانین لێرەدا ئەماژە بەهەمویان بکەین، تەنها باس لە دوو جۆرە لادانە دەکەین، کە ئەویش بەکارهێنانی ڕەمزە وەک لادانێکی واتایی لە دەقی شیعری پابەندا لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا (شاعیر کاتێک پەنا دەبات بۆ بەکارهێنانی ڕەمز . ئەمەش بەمەبەستی ئیستاتیکی یان کۆمەڵایەتی، یان مەبەستی سیاسی بۆ گوزارشتکردن لە بیروڕای خۆی و خۆ پارستن لە زوڵم و زۆرداری دەسەلاتداران) (عەزیز و وەقاس، 2023، 165)، بەکارهێنانی ڕەمز جگە لەوەی هۆکارێک بوە بۆ خۆپاراستنی شاعیران لە سانسۆری دەسەڵاتی خۆسەپێن، لەهەمانکاتدا بنیاتێکی هونەریش دەبەخشێت بە دەقی شیعری، کە پەنا بردنە بەر ڕەمزیش وەک لادانێکی واتایی لە ئەدەبی هاوچەرخ، خۆی لە چەند ڕەمز و کەرەستەیەک دەبینێتەوە بۆنموونە دیاردەسروشتیەکانی وەک (ڕووبار – هەور – ئاسمان – باو و گەردەلول – شاخ– ...)هەروەها بەکارهێنانی ڕەمزی ئاینی وەکو ناوی پێغەمبەران و ناوی فریشتە و پیاوانی ئاینی و ئەمانە و چەند جۆر ڕەمزی تر کە لەم قۆناغە بەدی دەکرێن.

بۆنمونە لەم کۆپلە شیعرەی (عەبدولخالق سەرسام) ڕووبار وەک ڕەمزی شۆڕەش بەکارهاتووە دەڵێت:

بوو بەلافاو
ڕووباری بەر دێیەکەمان
وەک جەجاڵی بەهەرا بوو
هەموو شتی ڕادەماڵی
تەنیا ئەو دارانە نەبێ
ڕەگیان لەخاک داکوتابوو (سەرسام 1989: 39)

لێرەدا ڕووبار دیاردەیەکی سروشتیە کراوەتە ڕەمزی شۆڕش کە هەموو کەسێک ڕادەماڵێت تەنها ئەو کەسانە نەبێت کە نیشتیمان پەروەرن و خاکەکەیان خۆش دەوێت.

هەروەها هەر لەچوارچێوەی لادانی واتایی ئەگەر بڕوانینە ئەم دەقە شیعریەی (لەتیف هەلمەت)، بەناونیشانی (ئەڕۆم)، دەبینین چەندین لادانی واتایی ئەنجام داوە بەتایبەتی لە بابەتەکانی (بەتەن کردن و بە ڕووەک کردن و...)، کە دەڵێت:

ئەڕۆم دایە
ئەگەر ئیتر نەهاتمەوە
دەبم بە گوڵ لەو چیایە
ئەڕۆم دایە
ئەگەر ئیتر نەهاتمەوە
لەهەر خاکێ زۆردار بژی
لەوێ دەبم بە بۆمبایە
ئەڕۆم دایە
ئەگەر ئیتر نەهاتمەوە ...
گیانم دەبێت بە ڕەشەباو (هەلمەت، 2014: 119)

لێرەدا دەبینین شاعیر چەند لادانێکی لە ئاستی واتا ئەنجام داوە کە دەڵێت (دەبم بەگوڵ) بەڕوەککردنی ئەنجام داوە، هەروەها بەتەنکردنیش بەدی دەکرێک کاتێک دەڵێت: (دەبم بە بۆمبا)، کە ئەمەش (جۆرێکی دیکەی لادانی واتاییە، شاعیر دەیخاتە پاڵ ئەو شتانەی کە بوونێکە و بەرجەستەبوونی هەیە)(محەمەد و شوان،2023، 80)، هەروەها بەروانکردنیش بەدی دەکرێت لە نیوە دێری کۆتایی، بۆیە دەتوانین بڵێن ئەو لادانە واتایانە بونەتە هۆی دروست بوونی بنیاتێکی هونەری لەم دقە شیعرە.

هەر لەچوارچێوەی لادانی زمانی لەئاستەکانی زمان و دروستکردنی بنیاتی هونەری لەدەقێکی شیعری بەتایبەتی لەدەقی شیعری پابەند، سەرەنج دەدەین لە شیعری (شۆڕش)ی شاعیر (شێرکۆ بێکەس)، کە وەک دەقێکی پابەند چەندین لادانی جیاوازی تێدایە لە ئاستە جیاوازەکانی زماندا:

شاخ وتی شۆرش ڕووبارە
جارێ تیژو جارێ خاوو
هەندێ جاریش بێ بوارە.
ڕوبار وتی شۆڕش شاخە
جارێ لووتکەو جارێ گەورەو
هەندێ جاریش بن بنارە.
درەخت وتی شۆڕش وەکوو دارستانە
جارێ ڕووتەو جارێ وشکەو
هەندێ جاریش چڕستانە. (بێکەس 2006: 593)

لێرەدا شاعیر چەندین لادانی زمانی ئەنجامداوە، کە وایکردوە بنیاتێکی هونەری تایبەت بدات بە دەقەکە، بۆنموونە لە ئاستی واتا جگە لەوەی وشەکانی(شاخ – ڕووبار – درەخت)وەک ڕەمز بەکارهێناوە، لەهەمان کاتدا هونەری لێکچواندنی تێدا بەکارهاتوە، هەمان ئەو وشانە بە مرۆڤکراون، کە وەسفی شۆڕشیان پێدەکات، هەروەها لە ئاستی وشەش دەبینین وشەیەکی نوێی داڕشتوە کە وشەی (چڕستانە) بەمانای دارستانێکی چڕوپڕ دێت، شاعیر ئەم وشە نوێیەی بۆ داڕشتوە، ئەمە جگە لەوەی چەندین لادانی تر لە ئاستی سینتاکس لە دێرەکان بەدی دەکرێت، کە مەودای باسکردنیمان نیە.

### 2-1-3 فەرهەنگی زمانی:

هەر لەچوارچێوەی بنیاتی زمانی دەقی شیعری لایەنێکیتری پێکهاتەی ئەم بنیاتە هونەریە لە ئاستی وشە، بریتیە لە بەکارهێنانی وشەی فەرهەنگی و یان فەرهەنگی زمانی ئاسایی، کە لە شیعری ئەم قۆناغە و بەتایبەتی لە شیعری پابەند ئەم جۆرە وشانە لە ئاستی جیاواز بەکارهاتوون، چونکە ئاڕاستەی دەقی پابەند بۆ خەڵکی ئاساییە (شیعرێکیش کە بۆ خەڵک و گشتی بێت دەبێت زمانەکەشی لەئاستی تێگەشتنی ئەواندابێت و بۆیە سودیان لەو فەرهەنگە زمانیە وەرگرتوە،

که خەڵکی لە ئاخاوتنی ڕۆژانە بەکاری دەهێنن) (ئەحمەد، 2013، 111)، کە ئامانج لێی تێگەیشتنی خەڵکی ئاساییە، چونکە ئامانجی شیعری پابەند گوزارشت کردنە لە کێشە و داخوازیەکانی کۆمەڵگە، بۆنموونە (جەمیل ڕەنجبەر) لەم کۆپلە شیعرە، کە شیعرێکی پابەندە گوزارشت لە چینێکی دیاری کۆمەڵگەی ئەوساکە دەکات و دەڵێت:

خۆشەویستم، با کەمتیاری،

خوترمەی دەستی زەمانە

هەموو بەزی گیانی هەژار هەڵبواسێ

با دینارێک، ڕاوی گوڵەگەنم بکاو.. (ساڵح :2023: 234)

لەم کۆپلە شیعرەدا وێرای ئەوەی بەزمانێکی سادە داڕێژراوە، لەهەمانکاتدا وشەی فەرهەنگی و ناوچەیی بەکارهێناوە، کە وشەی (خوترمە)یە (خوترمە: دارێکی ئەستورە، کە بۆ شەڕی دەستبدات) (موکریانی، 1999، 379)، هەروەها شاعیر لە کۆپلە شیعرێکیتردا، کە بەزمانێکی سادە نوسراوە چەند وشەیەکی فەرهەنگی بەکارهێناوە، کە دەڵت:

کە هاتمەوە... دەبمە بەهاری کەلاوەی

قەڵاتی جاری جاران و ... خۆر بۆ کۆڵانەکان، دێنین

هەرچی منالی گەڕەکە، گورز گورزانێ دەکەن و

قەرزی کرێکارانی شار،

لە خانووە بەرزەکانی هەولێر دەسێنین. (ساڵح 2023: 240)

شاعیر لەم کۆپلە شیعرەدا کە گوزارشت لە بارودۆخی چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە دەکات، کە چینی کرێکارانە بەزمانێکی سادە داوای ماف و شایستەی ماندووبونی ئەم چینە دەکات، لەهەمانکاتدا وشەیەکی فەرهەنگی بەکار هێناوە، کە وشەی (گورزە گورزانێ)یە، کە شاعیر هیچ ئاماژەیەکی بە واتای ئەم وشەیی نەکردوە، بەڵام لەبەر ئەوەی وشەیەکی فەرهەنگیە خوێنەر و ئاخێوەرانی ئەم ناوچەیە تێدەگەن ئەم وشەیە ناوی یاری و گەمەیەکی کۆنی کوردیە (گورز: کووتەک. دار ، ئاسن یا گوریسێکە سەرێکی خڕبێ شەڕی پێ دەکرێ) (موکریانی، 1999، 820)، واتە لەبەکارهێنانی ئەم وشە فەرهەنگیە جگە لەوەی لەڕووی بنیاتی هونەری دەقەکەی جیاکردۆتەوە ئەوا لەڕووی پەیام و ناوەڕۆکەکەشی، کە دەلالەت لەم جۆرە یاریە بەکۆمەڵەیە (گورزەلانێ: گەمەیەکی منداڵانە لە تۆپە گیایەکی بەنێکی تێدەخەن و گەمەی پێدەکەن.) (موکریانی، 1999، 820)، داواکردنی ئەوەیە کە ئەم چینە بەکۆمەڵ و هاوشێوەی ئەم یارییە هەڵمەت بەرن تاکو مافەکانیان وەربگرنەوە، یاخود هاندانی منداڵی  کرێکارەکانە بۆ هەڵمەت بردن و هێرشکردنە سەر ئەو سەرمایەدارانەی کە مافی کرێکار و هەژارانیان خواردووە .

هەروەها لەم کۆپلە شیعرەی (عەبدوڵڵا پەشێو)دا، زیندووکردنەوەی وشەیەکی فەرهەنگی بەدیدەکرێت، کە دەڵێت:

سەدان ساڵە

لەبەر دەرگەی تەکیەی جیهان،

جووتێک سۆلی پینەپینەم،

کێ لە پێم کا بۆ ئەو دەشێم. (پەشێو 2014، 68)

ئەگەر لەم کۆپلە شیعرە بڕوانین دەبینین وێڕای دەربڕینە سادەکەی وەک شیعرێکی پابەند، بەڵام لەهەمانکاتدا شاعیر وشەیەکی کوردی پەتی بەکارهێناوە، کە وشەی (سۆلی)یە کە بەواتای (سۆل: پێڵاوێکە دەکرێ بەسەر پێوە) (خاڵ، 2005، 262)، واتە شاعیر لە بەکارهێنانی ئەم وشەیەدا وشەیەکی فەرهەنگی زیندووکردۆتەوە و بەکاری هێناوە و تایبەتمەندی پێداوە، کە جیاییە لە وشە ئاساییەکەی کە زۆربەی خەڵک بەکاری دەهێنێت کە وشەی (پێڵاوە)، لەهەمانکاتدا ئەمەش جۆرێک لە لێهاتووی شاعیر نیشاندەدات لەمامەڵەکردن لەگەڵ وشەکانی زمان، چونکە جۆری پێڵاوەکەی دیاریکردوە، کە ئەو جۆرە پێڵاوە سادەییە کە لەنێو ماڵ بەسەر پێوەدەکرێت، نەوەک پێڵاوێکی فەرمی و ئاسایی، کەئەمەش وایکردوە بە گونجان لەگەڵ کۆی واتای کۆپلە شیعرەکە ببێتە خاوەن بنیاتێکی هونەری لەڕووی زمانەوە.

## 2-3 بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری پابەند:

یەکێکیتر لە پێکهاتەکانی بنیادی هونەری دەقی شیعری بریتییە لە وێنەی شیعری، کە ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێت لە ئیستاتیکای دەقی شیعری، چ لە شیعری کۆن یان نوێ و هاوچەرخ، کە هەر یەکێک لەم قۆناغانە وێنەی شیعری سروشت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، کەمەبەستی ئێمە باسکردنی ئەم پێکهاتەیە لە دەقی شیعری هاوچەرخی کوردی و بەدیاریکراوی لە دەقی شیعری پابەند (بە شێوەیەکی گشتی لە شیعری هاوچەرخدا وێنەکان ئەفسوناوییانە یاری لەسەر سەکۆی بیر و ئەندێشەی خوێنەردا دەکەن، گیان بە بەر بێ گیاندا دەکەن و پەیوەندی نێوان بێ گیانەکانیش لە جوولە و سەمایەکی سەرسوڕهێنەردا دەخەنە ڕوو )(طه، 2015، 106)، وەک ئاماژەمان پێدا وێنەی شیعری بەپێی جۆری شیعرەکە دەگۆڕێت و شیعری هاوچەرخیش خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی، بەر لەوەی باسی ئەم تایبەتمەندیە بکەین ئاماژەیەکی خێرا بەچەمکی وێنەی شیعری دەکەین لەڕووی زمان و زاراوەوە (یەکێکی دی لەبنەما گرنگ و پێکهێنەرەکانی شیعر، وێنەی شیعرییە، وێنەی شیعریی لەگەڵ پەیدابوونی شیعردا بوونی هەیە زاراوەی وێنە (image) لەوشەی (imagination) وەرگیراوە کە مانای ئەندێشە دەگەیەنێت) (ئەحمەد، 2016، 61)، سەرچاوەی ئەم وشەیە زمانی ئینگلیزیە لەوێشەوە لەزمان بنەڕەتیەکەوە وەرگیراوە کەزمانی لاتینییە، هەرچی لەزمانی عەرەبیە زاراوەکانی (البنیة التصویریة) یان (صورة شیعریة) یان (صورة فنیة) بەکارهاتوە، هەروەها لەزمانی کوردیش لەژێر کاریگەری و وەرگێڕانی ئەم چەمکانە لەزمانەکانیتر لە لێکۆڵینەوە ئەدەبی (لە ئەدەبی (کوردی)یش دا زاراوەی (وێنەی ئەدەبی) و (وێنەی شیعری ) و (وێنەی هونەری) بەرچاو دەکەوێت، بەتایبەتی زاراوەی (وێنەی شیعری) و(وێنەی هونەری)زیاتر و فراوانتر بەرچاو دەکەون) (عیسی، 2009، 19)، هەرچەندە بەکارهێنانی ئەم زاراوانە لە زمانی کوردی لەڕووی واتاوە جیاوازە بۆنموونە کە دەڵێن (بونیاتی ئەدەبی) فراوانترە لە (بنیاتی شیعری)، چونکە ئەوەی یەکەم دەکرێت ژانرەکانیتریش بگرێتەوە، بەڵام دووەمیان تەنها بۆ دەقی شیعرییە، بۆیە لەم نێوەندەدا دەکرێت بەکارهێنانی چەمکی (وێنەی هونەری) گونجاوتربێت.

هەروەها لەڕووی ماناو مەبەستەوە بەکارهێنانی وێنەی هونەری لەدەقێکی شیعری ئەوەیە، کە دەبێتە بنەمایەکی جوانی و ئیستاتیکی دەقە شیعریەکە، لە دەربڕینێکی ئاسایی دەیکات بە دەقێکی ئەدەبی، کە سەرەنجی خوێنەر ڕادەکێشێ و وێنەیەک لە بیرو هۆشی خوێنەر دروست دەکات ( وێنەی هونەری ئامرازێکی دیارە کە شاعیر پشتی پێ دەبەستێت بۆ دەربڕینی توانا و لێهاتووی خۆی و لایەنە شیعریەکانی بەوێنەکە هەست و بیری خۆی لە فۆڕمێکی هونەری بەرجەستەدا دارشتوە، لەڕێگەی ئەوەوە توانیویەتی کاریگەری لەسەر دەروونی خوێنەر هەبێت و هەست و سۆزی بوروژێنێت) (البابلي، 2004، 175)، واتە بەکارهێنانی وێنەی شیعری بنەمایەکی سەرەکی بەدەق بوونی دەقی شیعریە بەتایبەتی لەشیعری هاوچەرخی کوردی (وێنەی هونەری ئەو داهێنانەیە کە لەگەڵ گیان و هەست و خەیاڵدا دەدوێ، یەکێکە لە سیماکانی شیعری هاوچەرخ) (گەردی، 2004، 27)، یەکێک لە سیماکانی شیعری هاوچەرخی کوردی بریتییە لە بنیاتی هونەری لەم نێوەندەشدا وێنەی شیعری ئامادەبونێکی باشی هەیە لەدەقی شیعری پابەند وەک جۆرێک لە شیعری هاوچەرخی کوردی، ئەگەرچی جۆرو شێوەی وێنە شیعرییەکان لە دەقی شیعری پابەندی جیاوازتر و تایبەتمەندترن بەبەراورد لەگەڵ جۆرەکانیتری شیعری ئەم قۆناغە، کە ئێمە لێرەدا تەنها باسی چەند ڕەگەزێکی وێنەی شیعری دەکەین لە دەقی شیعری پابەند لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردی، چونکە بابەتی وێنەی شیعری بابەتێکی زۆر فراوان و فرە ڕەهەندە، ئاماژەکردن بەهەموو جۆر و ڕەگەزەکانی مەودایەکی فراوانی پێویستە، کە ئامانجی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیە خستنەڕووی کۆی ڕەگەز و جۆرەکانی وێنەی شیعری نییە، بەلکو تەنها خستنەڕووی چەند ڕەگەزێکی ئەم جۆرەی بنیاتی هونەرییە وەکو نمونەی کاری لێکۆڵینەوەکە.

### 1-2-3 وێنەی واقیع:

وەک پێشوتر ئاماژەمان پێکرد کە سروشت و تایبەتمەندی شیعری پابەند بریتیە لە خستنەڕووی کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵ واقیعی ژیانی خەڵک و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکان، بێگومان لەخستنەڕووی ئەم گرفتانەش شاعیر پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی وێنەی واقیعی یان نزیک لەواقیع (چونکە ئەدەب شتێکی هەمەلایەنەیەو زمان حاڵی

مرۆڤە و ڕۆچۆتە نێو هەموو باسەکان و ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆیەتی، چونکە ئەدەب ئەو ڕووداوە واقیعیانە لە ئامێز دەگرێت) (عیسی، 2009، 59)، واتە ئەدەب بەگشتی و شیعری پابەند بەتایبەتی بۆ گوزارشتکردن لە ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی پێویستی بەخستنەڕووی وێنەی واقیع هەیە لەچوارچێوەی بنیاتێکی هونەری، بەجۆرێک دووربێت لەگواستنەوەیەکی ڕاستەوخۆی ڕووداوەکان کە کاربکاتە سەر بنیاتی هونەری و دووری بخاتەوە لە دەقێکی شیعری، دەبێت جۆرێک لە هاوسەنگی پەیڕەوبکرێت لەنێوان واقیع و خەیاڵ لەلایان شاعیر چونکە (هەندێ جاریش بەپێچەوانەوە ڕەهاکردنی خەیاڵ واقیع بەرەو لەناوبردن دەبات هەرچەندە ڕێژەی ئەندێشەکە زۆربێ ئەوەندە لە سیفەتی واقیعی Reality دوور دەکەوێتەوە و بەرەو جیهانی فانتازییەت دەڕوات و هەرچەندە ڕێژەی ئەندێشەکە بەرەو کەمی و نەمان بڕوات ئەوەندە وێنەکە بەرەو وێنەیەکی بێ چێژی هونەری دەڕوات) (گەردی، 2004، 79)، واتە پاراستنی هاوسەنگی لەنێوان واقیع و خەیاڵ لە بنیاتنانی وێنەی هونەری لە دەقی شیعری کارێکی گرنگە و توانا و لێهاتووی شاعیر دەردەخات بەتایبەتی لە شیعری پابەند، کە زیاتر ئامانجی خستنەڕووی واقیعێکی دیاریکراوە، بۆیە دەتوانین بڵێین واقیع ڕەگەزێکی گرنگی پێکهێنەری وێنەی شیعرییە و ناتوانرێت دەست بەرداری ببین ( لەهەموو بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەریدا واقیع بەشی خۆی تیایا ڕەنگ دەداتەوە جائەو ڕەنگدانەوەیە زۆربێ یا کەم هەرگیز ناتوانرێ پشگوێ بخرێ) (گەردی، 2004، 78) )، ئەگەرچی گوزارشتکردن لەواقیع یان دەرکەوتنی واقیع بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لە دەقی شیعری جێگەی مشتومڕە لەبواری ڕەخنەی ئەدەبی، بەتایبەتی لەنێوان هەردوو ڕەوت و ئاڕاستەی (هونەر بۆ هونەر ) و (هونەر بۆ ژیان)، بەڵام لەهەمانکاتدا واقیع ڕەگەزێکە لەپێکهێنەرەکانی وێنەی هونەری دەقی شیعری ناتوانرێت دەست بەرداری ببین.

هەرچی لەدەقی شیعری پابەندە ئەم بابەتە زیاتر جێگەی مشتومڕە، چونکە سروشتی دەقی شیعری پابەند گوزارشتکرنە لە ڕووداو واقیعێکی دیاریکراو، کە زۆرجار ئەم جۆرە دەقانە بەدەقی بێ چێژو و خاڵی لە وێنەی هونەری هەژماردەکرێن، بەڵام ئەگەرچی لە هاوسەنگکردنی نێوان واقیع و خەیاڵ لەم جۆرە شیعرەدا زۆر جاران تای تەرازوو بەلای واقیع دەشکێتەوە، بەڵام مانای ئەوە نییە بڵێین ئەم جۆرە شیعرە خاڵییە لە بنیاتی وێنەی هونەری، بۆنموونە (حسیب قەرەداغی) لە شیعری (جەردەر و گەڕەک) دەڵێت:

دوێ شەو کە ڕووم کردە گەڕەک
لێویان وشک و هەڵوەری بوو
تومەز نەکوو هەر جەردەیەک
ڕەوە گورگێ دابەزی بوو (قەرەداخی 2002، 331)

ئەگەر سەرەنج بدەینە ئەم کۆپلە شیعرە دەبینین شاعیر گوزارشت لە کات و سەردەمێک دەکات، کە سەردەمی ڕژێمی بەعسە، واتە شیعرێکی پابەندە بەڕووداوێکی واقیعی سەردەمی خۆی، بەڵام شاعیر بە بەکارهێنانی چەند ڕەمزێک توانیویەتی بنیاتێکی هونەری بە ڕووداوێکی واقیعی ببخشێت، کە (ڕەوە گورگ) ئاماژەیە بۆ سەربازانی بەعس، لەهەمانکاتدا (لێویان وشک و هەڵوەری بوو) ڕەمزە بۆ ترس و تۆقانی خەڵک.

بەهەمان شێوە (شێرکۆ بێکەس ) لە شیعری ( لە شەوێک)دا هەمان وێنەی واقیعی ئەم سەردەمەمان بۆ دەکێشێ، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەویش ئەنجامدانی چالاکی پێشمەرگەیە لەنێو شار دژی دام و دەزگاکانی ڕژێم و دار و دەستەکانیان دەڵێت:

شەو بوو هەر پێشمەرگەو بەفر
بەبناری شاخەوە بوون
کەبەفر نووست
ئەوان وردە وردە هاتنە خوارێ
لەچوار لاوە هاتنە خوارێ.

شەو بوو لەبەر دەرکی سەرا
تەنها چەن سەگێکی خوێڕی و
دوو پیکابی زەرد ئەبینرا.

شەوبوو قرمەژنی گولله
گوێ گەڕەک و گۆڕەپان و
"سەرا"ی کەڕ کرد
بارانی گڕ بەخوڕ دایکرد. (بێکەس 2006، 218)

لێرەدا شاعیر لەڕێگەی ئەم شیعرەوە، کە پابەندە بە ڕووداوگەڵێکی باوی ئەو سەردەمە، کە ئەنجامدانی چالاکی پێشمەرگەیە لەنێو شارەکان دژی دام و دەزگاکانی ڕژێم و دارو دەستەکانیان وێنەی ڕووداوێکی واقیعی دەگێڕێتەوە، بەڵام بەهۆی ئەنجامدانی چەند تەکنیکێکی زمانەوانی و لادان و لێکچواندن و خواستن توانیویەتی وێنەیەکی خەیالی لای خوێنەر دروست بکات، کە چۆن ئەم ڕووداوە واقیعیە لە شێوەی وێنەیەکی هونەری بێتە پێش چاو، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە؛ کە شیعری پابەندیش بەتایبەتی لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردی خاڵی نییە لە بنیاتی وێنەی هونەری، ئەگەرچی بەشێوەیەکی سادەش بێت، بەبەراورد بە جۆرەکانیتری شیعری ئەم قۆناغە.

### 3-2-2 وێنەی خەیاڵی:

یەکێکیتر لە ڕەگەزەکانی پێکهێنانی وێنەی هونەری لە دەقی شیعری بریتیە لە وێنەی خەیاڵی، کە شاعیر بەخەیاڵ وێنەیەکی هونەری دروست دەکات، کە هەندێ جار ئەم خەیاڵە لەسەرووی واقیعەوەیە بەدی هێنانی جۆرێکە لە ئەستەم، بەڵام هەندێ جار ئەو خەیاڵەی شاعیر وێنەی دەکێشێت دەکرێت لە کات و سەردەمێکیتر جۆرێک بوبێت لە واقیع یان لە داهاتوودا ببێت بە واقیع، بەتایبەتی لەشیعری پابەند زیاتر جۆری دووەمیان بەدی دەکرێت، کە شاعیر هەمیشە بەدوای بەدی هێنانی خەیاڵەکانیەتی لە واقیعدا، یان بەخەیاڵ هیوا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە دەخوازێت.
خەیاڵ ڕەگەزێکی گرنگی دەقی شیعریە، چۆن لەپێشووتردا ئاماژەمان پێکرد واقیع ڕەگەزێکی گرنگە ناتوانرێت پشتگوێبخرێت، بەهەمان شێوە ( ئەندێشە ڕەگەزێکی سەرەکی شیعرە، هەر شیعرێک ئەندێشەی تیا نەبێت لەقسەی ڕۆژانە نزیک دەبێتەوە و لە شیعریش دووردەکەوێتەوە، چونکە ئەندێشە لەپێکهێنانی شیعردا ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت) (عیسی، 2009، 52)، واتە ئەندێشە و خەیاڵ یەکێکە لە بنەڕەتە سەرەکییەکانی بنیاتی هونەری وێنەی شیعری، بەجۆرێک ئامادە نەبوونی ئەم ڕەگەزە لە هەر دەقێکی شیعری ئەم دەقە لە قسەی ئاسایی نزیک دەکاتەوە، هەڵبەتە دەقی شیعری پابەندیش وەک جۆرێک لە دەقی شیعری هاوچەرخی کوردی بەدەر نییە لەم جۆرە وێنەیە، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەمتر، چونکە دەقی شیعری پابەند ئەوەندەی گوزارشتکردنە لە واقیع ئەوەندە گرنگی بە خەیاڵ نادات، تەنانت وێنە خەیاڵیەکانیشی گوزارشت لە واقیعێک دەکەن، بۆنموونە ( لەتیف هەلمەت) لە شیعری (داری ئاگر) دەڵێت:

هێندە ئاگر
لەم زەوییە بەردراوە
هیچ سەیر نیە
لووتکە دار ئاگر بگرێ (هەڵمەت 2014، 432)

لێرەدا شاعیر وێنەیەکی خەیاڵی لە بیری خوێنەر دروست دەکات کە ڕوانی داری ئاگر و گرداره لەسەر لووتکەی شاخ، کە ئەمە وێنەیەکی خەیالیە، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەم وێنە خەیاڵیە گوزارشت لە واقیعێک دەکات، کە سووتانی گوند و دارستان و شاخەکانی کوردستانە لەلایان ڕژێمی بەعس.

هەروەها لە کۆپلەیەکیتر هەمان شیعر دەڵێت:

هێندە دەسرێژ
لەم زەوییە کراوە
هیچ سەیر نییە
قۆزاخەی دار
باروت بگرێ..! (هەڵمەت 2014، 432)

بەهەمان شێوە سەرەڕای دروستکردنی وێنەیەکی خەیاڵی، کە قۆزاخەی دار باروتی ئەو گوللانە بگرێت کە لەسەر ئەم خاکە تەقێنراون، بەڵام لەهەمانکاتدا گوزارشت کردنە لە واقیع و ژیانی کۆمەڵگەی کوردیە لەو سەردەمە، بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین دەقی شیعری پابەندیش وەکو دەقێکی شیعری خالی نییە لە ڕەگەزی وێنەی هونەری، بەڵام بەهۆی سروشت و تایبەتمەندی ئەم جۆرە شیعرە وێنە خەیالیەکانیش گوزارشت لە واقیعێک دەکەن، ئەمەش وایکردووە خەیاڵ و ئەندێشە لەم جۆرە شیعرە کەمتر هەستی پێ بکرێت یان بە ڕێژەیەکی کەمتربێت.

### 3-2-3 وێنەی هەست و سۆز:

یەکێک لە بنەما و ڕەگەزە گرینگەکانی بنیاتی وێنەی شیعری سۆزە، کە کار لە پەیوەندی نێوان دەقی شیعری و خوێنەر دەکات، بەو پێیەی سۆز دیاردەیەکی دەروونییە هەستی خوێنەر دەوروژێنێ ( یەکێک لە ڕەگەزە بنچینەییەکانی وێنەی هونەری – وێنە بەبێ سۆز وشک و برینگە و هەست و سۆز نابزوێنێ – دیارە هەست و سۆزە کە جوانی و کاریگەری و چالاکی و بەردەوامی بە وێنە دەبخشێ )(گەردی، 2004، 78)، هەست و سۆز یەکێکە لەو بنەمایانەی دەقێکی شیعری و ئەدەبی بە نەمری دەهێڵێتەوە، بەجۆرێک ئەو دەقە لە ڕێگەی ئەو سۆزەی هەڵیگرتووە دەروونی خوێنەر دەورووژێنێت و خوێنەر خۆی تێدا دەبینێتەوە ( دەق تاچەند سۆزێکی گەرم و گوڕی تێدابێت ئەوەندە بەنەمری دەمێنێتەوە کڵپە و بڵێسەیەک لەنێو دڵ و دەروونی خوێنەر دەهێڵێتەوە )(عیسی، 2009، 52)، هەڵبەتە شیعری پابەندیش بەو پێیەی کە گوزارشت لەژیان و کۆژانی خەڵک و کۆمەڵ دەکات و بەدوای چارەسەر و ڕێگەچارەی گونجاو دەگەڕێت، پێویستی بەوە هەیە هەڵگری سۆزێکی گەرم و گوڕبێت تاکو کاریگەری لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە بکات، بەجۆرێک هەرچەند ناوەڕۆکی شیعرەکە پابەندبێت بە کێشەیەکی دیاری نێو کۆمەڵگە ئەگەر لەڕووی بنیاتە هونەریەکەوە وێنەیەکی سۆزی لای خوێنەر دروست نەکات، کە هەست و سۆزی خوێنەر بجولێنێت ئەوا، پەیام و ناوەڕۆکی شیعرەکە کاریگەری نابێت لەم بارەیەوە (شێرکۆ بێکەس) (دەڵێ بۆ (ئازادی) هەزاران شیعرمان نووسیوە. بەڵام ئەشێ زۆر کەمیان بووبن بە شیعر) (سابیر، 2006، 543)، کە مەبەست لێی ئەوەیە چەندان شیعر بۆ ئازادی نووسراون کە بابەتێکە لە بابەتەکانی شیعری پابەند، بەڵام تەنها ئەوانە کاریگەربوون کە خاوەنی بنیاتێکی هونەری و وێنەی هونەری بەهێزبوون توانیویانە هەست و سۆزی تاک ومیللەت بوروژێنن، بۆ نموونە شیعری ( با بەناو و ناوک یەک بین)ی شاعیر (کۆساری)کە گوزارشت لە یەک بوون و یەکگرتووی دەکات، ئەگەرچی بەزمانێکی سادەش داڕێژراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی خاوەنی هەستێکی قووڵە، کە هەستی یەکگرتووی و یەک دەنگی میللەتی کوردە، کە

با هەر هەمووومان
ناوێک بین
پێناوێک و
مێژووی بەرزی پەڕاوێکین
هەر یەکمان
یەک قومە ئاو بین
شەپۆڵ و تین و تەوژمی

لافاوێکین
هەر کەسەمان
یەک شەمچە دابگیر سێنێت
ئەوساکەینێ
شەوق و تیشکی هەتاوێکین (کۆساری 2011: 80)

تائێستاش پێویستمان بەو هەست و هەڵوێستە هەیە بۆیە ئەم دەقەی بەنەمری هێشتوتەوە، کە دەڵێت:
دەبینین شاعیر بەهەستێکی قووڵی شاعیرانەوە گوزارشت لە بابەت و ناوەڕۆکێک دەکات، کە شیعری پابەند هەمیشە داکۆکیی لێدەکات ئەویش بابەتی یەکگرتووی کۆمەڵانی خەڵکە، بۆیە دەتوانین بڵێن ڕەگەزی سۆزیش وەک بنەمایەک لە پێکهێنانی بنیاتی هونەری دەقی شیعری ئامادەبونێکی باشی هەیە لە دەقی شیعری پابەندی ئەم قۆناخە، بەجۆرێک دەقی شیعری پابەند ئەگەر ڕەگەزەکانیتری وەک زمان و وێنەی شیعری لە ئاستێکی کەمتربێت، بەڵام هەمیشە خاوەن سۆزێکی قووڵ بوون و توانیویانە هەست و سۆزی خوێنەر بوروژێنن.
لەکۆتایدا دەتوانین بڵێین شیعری پابەند لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردی ئەگەرچی ناوەڕۆکەکەی ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ژیانی کۆمەڵگە کوردی بووە، لەهەمان کاتدا ئەم جۆرە شیعرە وەک بەشێک لە شیعری هاوچەرخی کوردی خاڵی نییە لە ڕەگەزەکانی بنیاتی هونەری، بەڵام بە تایبەتمەندی و سروشتی خۆیەوە، کە زۆرجاران ئەم تایبەتمەندیە بۆتە ناسنامەو شوناسی ئەم جۆرە شیعرە، بەڵام دواجار ئەوەی وایکردوە ئەم جۆرە شیعرە بە شیعری پابەند ناوببرێت ناوەڕۆک و پەیامەکەیەتی نەوەک شێوە و بنیاتە هونەریەکەی، کە ئامانجی ئێمە لێرەدا سەلماندنی ئەو ڕاستیەیە، کە شیعری پابەندیش لەئەدەبی هاوچەرخی کوردی خاوەنی بنیاتی هونەری خۆیەتی، بەجۆرێک پابەندبوون کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر گۆڕانی بنیاتی هونەری، کە بۆ جۆرێک لە سادەکردنەوە رۆیشتوە چ لەڕووی زمانی شیعریەوە کە زمانێکی سادە و ئاسانی دوور لە لێلی و تەمو مژی بەکارهاتوە، چ لەڕووی وێنەی شیعری، بەرەو وێنەی سادەو وێناکردنی واقیع ڕۆشتوە، کە ئەمە لەلایەک ئەرکی شاعیرانی پابەندی قورس کردووە، کە توانیویانە لەم کەرەستە سادانە دەقێکی شیعری بهۆننەوە خاوەنی بنیاتێکی هونەری تایبەت بەخۆی بێت، لەلایەکیتریشەوە بۆتە جێگەی مشتومڕ لەنێو کایەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بەوەی ئەم جۆرە شیعرە ئەوەندەی نزیکە لەقسەی ڕۆژانە ئەوەندە لە دەقێکی شیعری نزیک نییە، بەمەش ئەوەندیتر بابەتی ئەو بۆچوونە جیاوازانەی تۆخترکردەوە کە هەیە لەبارە بەگرنگتر زانینی ناوەڕۆک و شێوە لە دەقی شیعری، کە هەندێ بۆچوون ناوەڕۆک بەگرنگتر دادەنێن لە شێوە و پێکهاتە هەندێکیتریش بە پێچەوانەوە، بەڵام ئەوەی تایبەت بێت بە دەقی شیعری پابەند (ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە شێوەی هونەری دەبێ لەخزمەتکردنی ناوەڕۆکی شیعردابێت) (سابیر، 2006، 534)، چونکە لە دەقی شیعری پابەند دواجار ئامانج گەیاندنی پەیام و ناوەڕۆکی شیعرەکەیە بەمەبەستی کاریگەربوون لەسەر کۆمەڵانی خەڵک، نەوەک شێوەیەکی بەرزی هونەری، بەڵکو دەبێت شێوە و بنیاتە هونەرییەکە لەخزمەت گەیاندنی پەیامەکانی دەقە شیعریەکەبێت ( واتە شاعیر چەند وەستاو کارامە بێ لەڕووی هونەرییەوە شیعرەکەی بەرزبێت ئەگەر لەڕووی ناوەڕۆکەوە ڕەنگدانەوەی ئێش و ئازار و گیروگرفتەکانی ژیانی کۆمەڵ نەبێت و لەخزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتیدا نەبێت پەسەند ناکرێت) (سابیر، 2006، 536)، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەگەرچی لەدەقی شیعری پابەند ناوەڕۆک گرنگترە لە شێوە و فۆرم، ئامانجی یەکەم ناوەڕۆک و پەیامی دەقەکەیە، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەم جۆرە شیعرە خاڵی نییە لە ڕەگەزەکانی بنیاتی هونەری.

### ئەنجامەکان:

1- شیعری پابەند جگە لەوەی هەوڵی خستنەرووی کێشە و گرفتەکان دەدات و هەمیشە لەبەرەی خەڵک و کۆمەڵە، دژی هەموو نادادی و ستەمێکە، لەهەمانکاتدا هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگە چارەی گونجاو دەدات بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان.
2- پابەندبوون لە شیعری کوردی ئامادەبونێکی باشی هەیە بەتایبەتی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، ئەویش بەهۆی ئەو بارو دۆخە تایبەتەی، کە میللەتی کورد پێیدا تێپەڕیوە وایکردوە ئەم جۆرە شیعرە بەچەندین ئاڕاستەی جیاواز لە

شیعری هاوچەرخی کوردی بەدی بکرێت.

3- شیعری پابەند لەئەدەبی هاوچەرخی کوردی لە ڕووی بنیاتی هونەرییەوە هاوشێوەی جۆرەکانیتری شیعری ئەم قۆناغە خاوەنی بنیاتی هونەری تایبەت بەخۆیەتی، بەجۆرێک هەندێ جار ئەم تایبەتمەندیە دەبێتە شوناسێک بۆ ناسینەوە و جیاکردنەوەی ئەم جۆرە شیعرە.

4- لە شیعری پابەند هەمیشە ئامانجی یەکەم ناوەڕۆک و پەیامی دەقە شیعرییەکەیە نەوەک دەوڵەمەندی شێوە و فۆڕم و بنیاتە هونەرییەکەی، بۆیە هەمیشە فۆڕم و بنیاتە هونەرییەکە بۆخزمەتی ناوەڕۆک و پەیامی شیعرەکەیە، ئەمەش وایکردووە هەندێ جار ئەم جۆرە شیعرە سادە دەربکەوێت لەڕووی بنیاتی هونەرییەوە.

5- شیعری پابەند لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردی کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوە لەسەر بنیاتی هونەری شیعری ئەم قۆناغە، هەوڵدراوە هاوسەنگی نێوان خەیاڵ و واقیع بپارێزرێت، بەجۆرێک خەیاڵ لە پێناو زەقکردنەوەی واقیعێک بەکارهاتووە، کە ئامانجیش لێی گەیاندنی پەیامی دەقی شیعری پابەندبووە بە چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، بەمەبەستی وشیارکردنەوە و هاندان و وروژاندنی تاکەکانی کۆمەڵ بۆ داواکردنی مافە ڕەواکانیان.

## سەرچاوەکان:

بەزمانی کورد

### کتێب


- بێکەس, شێرکۆ .دیوانی شێرکۆ بێکەس.بەرگی دووەم. سلێمانی: یەکێتی نووسەرانی کوردستان, 2006.
- پەشێو, عەبدوڵڵا .هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا .هەولێر: چاپخانەی ڕۆژ هەلات, 2014.
- پیربال, فەرهاد .ڕێبازە ئەدەبییەکان .چاپی چوارەم .هەولێر: کولتوور, 2021.
- تەنیا, ئیسماعیل , هەژان , چاپخانەی ڕۆژهەڵات ,2011 .
- حەبیب, بەدران ئەحمەد .فەرهەنگی زاراوە .هەولێر: کۆڕی زانیاری کوردستان, 2002.
- حوسێن, هیمداد .ئەدەبی نوێی کوردی .هەولێر: ناوەند ئاوێر, 2020.
- حیلمی, ڕەفیق .شیعر و ئەدەبیاتی کوردی .هەولێر: دەزگای ئاراس, 2010.
- خاڵ, شێخ محەمەد .فەرهەنگی خاڵ .هەولێر: دەزگای ئاراس, 2005.
- ڕشید, فؤاد .بونیادگەری لە ڕۆشنبیری و ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا .یەکێتی نووسەرانی کورد .کەرکوک: چاپخانەی ئاربخا, 2007.
- سابیر, پەرێز .ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر .هەولێر: دەزگای ئاراس, 2006.
- سالح,سەعادەت محمەد. دیوانی حەمیل ڕەنجبەر .هەولێر ,... ,2023 .
- سەرسام, عبدالخالق , لە لێواری گەردوون دا .بەغدا , دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی ,1989.
- شێخ بزێنی, سەعد فاروق یوسف .بنیاتی هونەری لە شیعری ئەحمەد موختاربەگی جاف دا .هەولێر: چاپخانەی ڕۆشنبیری, 2011.
- عیسی, هاوژین سلیوە .بنیاتی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا .سلێمانی: دەزگای سەردەم, 2009.
- قەرەداخی, حەسیب , دیوانی فەرهەنگی خەم .هەولێر ,دەزگای ئارس ,2002 .
- کریم, رزگار, فەرهەنگی دەریا, سلێمانی, کتێبخانەی زانیار, 2010.
- کۆساری, خدر محمد, بورکانی شیعر .هەولێر ,نوسنگەی تەفسیر ,2011 .
- گەردی, سەردار ئەحمەد حەسەن .بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا .(1991 – 1970) سلێمانی: دەزگای سەردەم, 2004.
- موکریانی, گیوی .فەرهەنگی کوردستان .هەولێر:دەزگای ئاراس, 1999.
- میراودەلی, کەمال .ئەدەبناسی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیی حەفتاکان .تاران: کتێبخانەی مێخەک, 2021.
- نوری, شوان عوسمان, بنیاتی ڕووداو لە کورتە چیرۆکی کوردیدا, هەولێر,نووسینگەی هیوا, 2020.
- هەڵمەت, لەتیف , دیوانی لەتیف هەڵمەت .سلێمانی ,ناوەندی غەزەلنووس ,2014 .
- ئەحمەد, سافیە محەمەد .لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا .هەولێر: ئەکادیمیایی کوردی, 2013.
- ئەرستۆ .هونەری شیعری .وەرگێرانی .عەزیز گەردی .سلێمانی: چاپخانەی گەنج, 2011.


### نامە ئەکادیمیەکان:


- حەوێز, سروشت جەوهەر .پابەند بوون لە شیعری کوردیدا کرمانجی خواروو 1950 – 1975. نامەی دکتۆرا, زانکۆی سلێمانی,سکوڵی زمان, 2015.

– طه, هاوكار مامەند .قەدەغەشكێنی لەشیعری هاوچەرخی كوردیدا باشوری كوردستا(19880–1991) :نامەی ماستەر, زانكۆی سەلاحەدین– هەولێر. كۆلێژی پەروەردە, 2015.
– عوسمان, كەژال عەبدولقادر .بنیاتی شوێن لە شیعری هاوچەرخی كوردیدا: نامەی ماستەر , زانكۆی سەلاحەدین– هەولێر :كۆلێژی زمان, 2015.
– ئەحمەد, گوڵەباخ حوسێن .ئەزموونی شیعری كوردی ڕۆژهەلاتی كوردستان كرمانجی ناوەڕاست.(2014 – 19980) : نامەی ماستەر , زانكۆی سەلاحەدین– هەولێر, كۆلێژی پەروەردە, 2016.

## گۆڤارەكان:

– خۆشناو, كامران ابابكر خضر" بنیاتی هونەری لە (مۆبایلە شیعر)یی كوردییدا" گۆڤاری زانكۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەكان, ژمارە 28 بەرگی 3: ساڵی 2024.
– شاخەوان فەرهاد محەمەد و ئیبراهیم ئەحمەد شوان". ئیستاتیكای لادانی واتایی لە شیعرەكانی نەوزاد ڕەفعەت دا. گۆڤاری ئەكادیمیایی كوردی , ژمارە.( 54): ساڵی 2023.
– فازیل مەجید مەحمود و سەنگەر عەسكەر محەمەد" لادانی واتایی لە دەقە شیعرییەكانی (عەبدولقادر سەعید)دا , گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین, ژمارە 10. بەرگی 8. سالی 2023.
– مستەفا, ئاسۆ عومەر" .ئیستاتیكای لادانی زمانیی لە كۆشیعری (ژنەراڵی خۆشەویستی)ی محەمەد كوردۆدا, گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین , ژمارە, 1.بەرگی 6: ساڵی 2021.
– ئاڤێستا عەبدولخالق عەزیز و نەوزاد وەقاس" .لادانی زمانی لە شیعری عەبدولخالق سەرسامدا. گۆڤاری ئەكادیمیایی كوردی , ژمارە.( 54): ساڵی 2023.

## بەزمانی عەرەبی:

– أديريث, ماكس .أدب الالتزام .القاهرة: الدجوى – القاهرة – عابدين, 2005.
– البابلي, فؤاد عمر علي .الالتزام في شعر محمد التهامي دراسة تحليلية . رسالة ماجستر , جامعة الأسلامية–غزة، كلية الأداب – قسم اللغة العربية, 2004.

**The Artistic Structure of Committed Poetry in Modern Kurdish Literature (1975-1990)**

**Ahmed Sheikhan Tamarkhan**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Ahmed.tamarkhan@su.edu.krd

**Razaw Rashid Sabri**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Razaw.sabri@su.edu.krd

**Abstract**
Poetry in general, and committed poetry particularly, has an essential role and great impact in the social reform process. This type of poetry is considered a good medium for expressing various social, economic, and political issues additionally finding appropriate solutions for each of them. Committed poetry is an instrument interested in depicting moral and political issues from an aesthetic perspective and embodying them in a distinct artistic structure to convey an effective message and positive change that reflects its goals and features. This research investigates committed poetry in modern Kurdish literature and sheds light on its artistic structure. It also aims to analyze the artistic elements of committed poetry through this stage and review how the elements of the artistic structure interact with the content of obligation, through models of selected poetic texts in modern Kurdish literature to elaborate on the extent of the influence of committed poetry on the structure of modern poetry at this stage. This research consists of two main sections, each dealing with the relationship between committed poetry and the artistic structure through two basic perspectives: the linguistic structure and the structure of the artistic image.
**Keywords**: Committed poetry, contemporary literature, artistic structure, poetic images.

**البنية الفنية للشعر الملتزم في الأدب الكردي المعاصر (1975-1990)**

**أحمد شيخان تمرخان**
قسم اللغة الكورديه ،كلية التربية الأساس، جامعة صلاح الدين– أربيل،أقليم كوردستان،العراق
Ahmed.tamarkhan@su.edu.krd

**رازاو رشيد صبرى**
قسم اللغة الكورديه ،كلية التربية الأساس، جامعة صلاح الدين –أربيل،أقليم كوردستان،العراق
Razaw.sabri@su.edu.krd

**الملخص**
الشعر عموماً، والشعر الملتزم خصوصاً، يمتلك دوراً مهماً وتأثيراً بالغاً في عملية التغيير الاجتماعي، لأن هذا النوع من الشعر يعتبر أداة فعلا للتعبير عن مختلف القضايا الاجتماعية والاقتصادية والسياسية، وإيجاد حلول مناسبة لها. والشعر الملتزم أداة يهتم بتصوير القضايا الأخلاقية والسياسية من منظور جمالي وتجسيده في بنية فنية متميزة بهدف إيصال رسالة فعالة وتغيير إيجابي تعكس غاياته وميزاته، يتناول هذا البحث الشعر الملتزم في الأدب الكردي المعاصر، ويسلط الضوء على بنيته الفنية. كما يهدف إلى تحليل العناصر الفنية لهذا النوع من الشعر من خلال هذه المرحلة، واستعراض كيفية تفاعل العناصر البنية الفنية مع مضمون الإلزام، من خلال نماذج من نصوص شعرية مختارة في الأدب الكردي المعاصر لتوضيح مدى تأثير هذا النوع من الشعر على بنية الشعر المعاصر في هذه المرحلة، يتكون البحث من قسمين رئيسيين يتناول كل منهما العلاقة بين الشعر الملتزم والبنية الفنية من خلال منظورين أساسيين: البنية اللغوية وبنية الصورة الفنية.
**الكلمات المفتاحية** : الشعر الملتزم، الأدب المعاصر ، البنية الفنية، الصور الشعرية.